# شیعر و بەرپرسیارییەتی بە نموونە لە شیعری (حاجی قادری کۆیی) دا
# لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی فەلسەفییە

**ID No. 483**

(PP 293 - 317)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.3.19

**دەریا جەمال حەوێز**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە

Darya.jamal@koyauniversity.org

**وەگـــــــرتن : 2022/06/26**

**پەسندکردن : 2022/11/13**

**بڵاوکردنەوە : 2023/07/25**

**پوختە**

شیعر و بەرپرسیارییەتی بە نموونە لە شیعری (حاجی قادری کۆیی) دا ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (شیعر و بەرپرسیارییەتی بە نموونە لە شیعری (حاجی قادری کۆیی) دا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی فەلسەفییە، لە دوو توێیدا باس لە شیعرەکانی حاجی قادر دەکەین و بەپێی فەلسەفەی بوونگەرانی شیکردنەوەیان بۆ دەکەین و بنەماکانی ئەم فەلسەفەیەی تێدا دەدۆزینەوە.

ئاشکرایە مرۆڤ لە کۆمەڵگادا دەژی، هەر تاکێکیش لە کۆمەڵگادا زۆر یان کەم کاریگەر دەبێت لە دەوربەر و هەست بە ئەوی تر دەکات، ئەمەش سەرنجی ڕادەکێشێت، شاعیریش ئەو مرۆڤەی کە خاوەن هەستێکی تایبەتە و جیاوازە لەوانەی تر، بەم بابەتانە کاریگەر دەبێت و دەیخزێنێتە ناو شیعرەکانییەوە.

حاجی قادری کۆیی وەك ڕابەرێك لە شیعری کوردیدا، لەم لایەنەشدا داهێنەر بووە، بەوە لە شاعیرانی تر جیادەکرێتەوە. دەبینین کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەرامبەر کۆمەڵگاکەی دەوەستێت، هەموو خەمێکی دەبێتە ئەوەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا لە شادی و کامەڕانیدا بژین، بۆیە شیعرەکانی مادەیەکی خاو دەبێت بۆ لێکۆڵینەوەیەکی لەم شێوەیە.

لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە چەند بەش و تەوەرێك، کە بریتین لە (بوون و بوونگەری لە ڕووی چەمك و زاراوە، بوون لە جیهاندا، هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی لە شیعری حاجی قادری کۆییدا، دواتر بوون لەگەڵ ئەویتردا و هەستکردن بە بەرپرسیارەیەتی، دواتر ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بەرچاودەکەون.

**وشە کلیل:** بوون، بەرپرسیارییەتی، شیعر، نەتەوایەتی، حاجی قادری کۆیی.

## پێشەکی:

ئاشکرایە مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵدا دەژی، هەر دیاردەیەک و هەر کەسێك لەناو کۆمەڵگادا کەم یان زۆر سەرنجی تاکەکان بۆ خۆیان ڕادەکێشن، شاعیریش کە خاوەن هەستێکی ناسکترە لە کەسانی تر، زیاتر بەو بابەتانە کاریگەر دەبێت و دەیانئاخنێتە ناو شیعرەکانییەوە. (حاجی قادری کۆیی)یش کەوا لە زۆر بواری ڕۆشنگەرییدا بە پێشڕەو دادەنرێت، لە زۆر لایەنەوە بەرامبەر خاك و گەل و وڵاتی خۆی هەستی بە بەرپرسیارییەتی کردووە، ئەم هەستەش بنەمایەکە لە بنەماکانی فەلسەفەی بوونگەرایی، کە لە شیعری حاجیدا دەیدۆزینەوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئەم لێکۆڵینەوەیە هاتە کایەوە.

لێکۆڵینەوەکە پێکدێت لە دەروازە و دوو بەش، بەشی یەکەم بە ناونیشانی (بوون لە جیهاندا و بەرپرسیارییەتی لە شیعری حاجی دا)، بەشی دووەم بریتییە لە (بوون لەگەڵ ئەوی تردا و بەرپرسیارییەتی لە شیعری حاجی دا).

دواتریش گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بەرچاو دەکەون.

### دەروازە

### بوون و بوونگەرایی و بەرپرسیارییەتی وەک چەمک و زاراوە

**بوون:** ئاشکرایە هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە، هەردەم مرۆڤ بە دوای وەڵامی پرسیارگەلێکدا گەڕاوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی (( کە تاکە جیاوازی نێوان مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تر عەقڵ و بیرکردنەوەیە. واتە مرۆڤ بە بیرکردنەوە و عەقڵی لە هەرچی بوونەوەری

ترە جیای دەکاتەوە. کەواتە دەبێت مرۆڤ ئەو عەقڵ و بیرکردنەوەیەی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بزانێت خۆی کێیە؟ هەردەم لە بیرکردنەوەشدا بووە، بە درێژایی مێژوو دەیان و سەدان پرسیاری کردووە، وەکو، من کێم؟ لەکوێوە هاتووم؟ بۆ کوێ دەڕۆم؟ کێ دروستی کردووم؟ بێجگە لەو بوونە دەبێ بوونێکی تر هەبێت؟ مردن چییە؟ بۆ دەمرین؟ دوای مردن چی هەیە؟ ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری تری لەخۆی کردووە. بە درێژایی مێژووش بیرمەند و فەیلەسوفان هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری تریان دایەوە. چەندان تێوری فەلسەفی و قوتابخانەی فەلسەفی دروستبوون. لە ئەنجامی دروستبوونی ئەم قوتابخانە و تێورانە وەڵامی هەندێك پرسیاری سادەیان داوەتەوە، چەندان پرسیاری تریش بێ وەڵام ماونەتەوە))، (مەنتك، 2011، 135) بەهۆی ئەو گەڕان و پرسیارانەوە فەلسەفە هاتەکایەوە، (( دەکرێ بڵێین فەلسەفە بریتییە لە هونەری وروژاندنی پرسیار بۆ گەڕان بە دوای مەعریفە و تێگەیشتن لە سروشت و مرۆڤ، کەواتە بە گوێرەی ئەو پێناسەیە فەیلەسوف ئەو کەسەیە، کە پرسیارێکی گرنگ و قووڵ و تایبەت بە بابەتەکانی فەلسەفە دەخاتە ڕوو))، (جەلال، 2008، 40) سەبارەت بە فەلسەفە لە ڕووی زاراوەوە دەگوترێت، (( فەلسەفە وشەیەکی یۆنانییە "فیلۆ- سۆفیا" واتە خۆشویستی زانین. زانینیش لێرەدا ناسینی ڕاستەقینەی بوونە، چونکە هیچ شتێك لە بوون بەرزتر نییە. لەگەڵ لە دایکبوونی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانەوە، بوون لە چەند فۆڕما ناسراوە. گرنگ نییە ئەو فۆڕمانە چەند چۆن بن و چۆن ئاماژەیان بۆ کرابێت، خۆ بە بێ "بوون" هەرگیز نابن، تەنانەت ئەوەی لەم فۆڕمانەش دەکۆڵێتەوە وەکو " توێژەر" بە بێ بوون نییە و نابێت))، (کەمال، 2011، 9) کەواتە هەرچەندە پرسیارەکانی مرۆڤ زۆرن، بەڵام ئاشکرایە ((سەرەتاییترین پرسیار لێرەدا بەرەو ڕووی دەبینەوە، (بوون) چییە؟ ئایا (بوون) هیچ واتایێکی هەیە؟... خودی فەلسەفە بۆ خۆی پرسیارە لە بارەی چییەتی شتەکان، کەواتە بوون بەشێکی گرنگی ئەو زانستەیە و یەکێکە لە بابەتە جەوهەرییەکانی، بەو پێیەی هەموو پاژەکانی دیکەی فەلسەفە بەوەوە گرێدراون و بوونیان بە بوونی ئەو بەستراوەتەوە))، (حاجی، 2011، 36) کەواتە پرسیارکردن سەبارەت بە (بوون) یەکەمین پرسیارە، (بوون) یش لە ڕووی فەرهەنگییەوە بەرامبەر بە (وجود) ی عەرەبی Being، Existence ی ئینگلیزی دێت. (لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، 2006، 101) هەروەها لە زمانی فارسیشدا زاراوەکانی (هستی، وجود، بود، شوناس، هويت)ی بۆ بەکاردێت. (شەریفی، 2007، 52، 147) لە زمانی کوردیشدا بەرامبەر زاراوەی (بوون) ئەم هاوواتایانەش دێن، (( 1.تێگەیشتن، ڕێ تێبردن، زانین 2. بوون، پێچەوانەوەی نەبوون)). ( پوور، 2008، ب. 2، 1346)

ئەو واتایەی (بوون) تەنها لە بوونی مرۆڤدا دەردەکەوێت، چونکە هەرچەندە (( بوون لە هەموو شوێنێکدایە و هەموو مەوجودێك جۆرە بوونێکی هەیە، وەك بوونی شت، بوونی ئامراز، بوونی مرۆڤ... هتد، واتە هەموو مەوجودێك بوونی هەیە،... بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە مەبەستمان لە (بوون)، بوون نییە بە شێوەیەکی گشتی، بەو واتایەی کە هەموو بوونەوەر و خودی گەردوون بگرێتەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی فەلسەفەی بوونگەراییەوە باس لە (بوون) دەکەین و بوونگەراکان وشەی (بوون Existence) بە شێوەیەکی سنووردار بەکاردەهێنن، بە جۆرێك کە تەنها بەسەر ئەو شێوەیەی بووندا دەچەسپێ کە لە بوونی مرۆییدا دەیناسین. واتە ئەو (بوون)ەی کە ئێمە باسیدەکەین (بوون)ی مرۆڤە، چونکە (بوون)ی ڕاستەقینە ئەو (بوون) ەیە کە تایبەتە بە مرۆڤ)). (عەبدوڵڵا، 2008، 13، 14)

ئەگەر بڕوانینە (بوون) وەک زاراوە، پێویستە ((لە ڕیشەی زمانەوانیی وشەکەوە دەستپێبکەین، فرمانی هەیە Ex-sist یان Exist لە فرمانی لاتینی EX-sister ەوە وەرگیراوە لە بنەڕەتدا بە مانای "دەردەکەوێ Stand out یان دێتە دەرێ Emerge" هاتووە. لەوەش دەچێت پێشتر ئەم فرمانە هەستێکی پۆزەتیڤانەتری لای گوێگر و خوێنەر دروست بکرێت. شتێك کە هەبێت مانای "دەردەکەوێ " یان لە زەمینەیەکی دیاریکراوەوە دێتەدەرێ، بەو سیفەتەی شتێکە بوونێکی ڕاستەقینەی لەوێ هەیە. ئەگەر ئەم بیرۆکەیە بە شێوەیەکی فەلسەفیانەتر دابڕێژین، ئەوا دەڵێین شتێ، کە "هەبێت " واتە لە عەدەمەوە بێتە دەرێ))، (سراتێرن، ۲۰۰۳، 96) بە پێچەوانەوەی (بوون) زاراوەیەکی تریش بەرچاودەکەوێت، ئەویش (نەبوون)ە، تا (نەبوون) نەبێت (بوون) یش نابێت، (( نزیکترین هاوواتا بۆ نەبوون Lanhilisme لە زمانی عەرەبیدا بریتییە لە (اللا وجود) و (اللا شيء) کە لە زمانی فەڕەنسی Rien و لە زمانی ئینگلیزیدا بریتییە لە No thing، بەڵام لە لاتینییەکەدا زاراوەی Nihilism بە تەواوی شوێنی خۆی گرتووە)). (جدوع، 2012، 115) سەبارەت بە نەبوون لە ڕووی سەرهەڵدانەوە دەگوترێت (( لە بنەڕەتدا (نەبوون ـ عەدەم) زاراوەیەکی فەلسەفییە، بەڵام کاریگەری گواسترایەوە بۆ ئەدەب و هونەر، داواکەرانی بیردۆزی نەبوون بریتیین لە پەیڕەوکەرانی ڕێڕەوی بوونگەرایی وەك سارتەر. (نەبوونگەرایی ـ پوچگەرایی) زاراوەیەکە ڕۆماننووسی ڕووسی (تورجينيف) ساڵی 1861 بۆ یەکەمجار لە ڕۆمانی (باوکان و ڕۆڵەکان) و (شۆڕشگێران) وەك زاراوەیەك بۆ بیروڕا ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان بەکاریانهێنا)). (التونجي، 1999، ب.1، 619) ئەوەی بابەتی ئێمە پێکدەهێنێت بریتییە لە (بوون)، بۆیە بەپێویست نازانرێت زیاتر لەسەر (نەبوون) بوەستین.

زاراوەی بوون و بنەڕەتەکانی، هۆکار بوون بۆ لە دایکبوونی ڕێبازێکی فەلسەفی بە ناونیشانی (بوونگەرایی)، لەم چەند لاپەڕەیەی داهاتوودا زانیاری پێویستی لە بارەیەوە پێشکەش دەکەین.

**ڕێبازی فەلسەفی بوونگەرایی:**

هەروەکو ئاماژەی پێکرا، پرسیارکردن سەبارەت بە بوون ڕێبازێکی فەلسەفی لێوە پەیدابوو کە بە (بوونگەرایی) ناسراوە، بوونگەرایی قوتابخانەیەك یان ڕێڕەو و ڕێبازێکی فەلسەفییە، بوونی مرۆڤ دەکات بە خاڵی لێکۆڵینەوە فەلسەفەییەکانی خۆی، لە ڕووی زاراوەوە، لە زمانی عەرەبیدا (الفلسفة الوجودية)، لە فارسیشدا (شناخت هستی، فلسفه وجودي، أصالت وجود، وجودگرایی)، لە زمانی ئینگلیزیشدا بە هەریەکە لە زاراوەکانی Exisential، Existentialism، ontology Ontological دەناسرێت. (شەریفی، 2007، 35، 71)

نووسەر و ڕەخنەگری عەرەب (دکتۆر عبدالرحمن البدوي) لە پێناسەی بوونگەراییدا دەڵێت ((تازەترین ڕێبازی فەلسەفییە و لە هەمانکاتدا کۆنترینیانە، تازەیە چونکە خاڵی بیرکردنەوەیە لە هزری هاوچەرخدا، بەڵام کۆنترینە چونکە خاڵی سەرەکی تێیدا بریتییە لە ژیانی بوون، وەك دەبینین پێش ئەوەی بوونگەرایی تەشەنە بکات لە لایەن یەکەم فەیلەسوفی بوونگەرایی بە ڕەچەڵەك دانیمارکی سیرن کیرکیگارد 1813– 1855ز. و پێش ئەوەی بنەما سەرەکی و بنچینەکانی لای فەیلەسوفی ئەڵمانی مارتن هایدیگەر 1889 – 1907 ز. دیاریبکرێت و پێش ئەوەی پەیڕەو بکرێت لە زۆر چیرۆك و شانۆگەری و ڕۆماندا لای فەیلەسوف و نووسەری بوونگەرایی فەڕەنسی ژان پۆل سارتەر 1905 -- 1981ز. ، یان لە بیردۆزەکانی سەبارەت بە پێکهاتە لە زۆر لە کتێبەکانیدا بە تایبەتی لە هەردوو کتێبیدا (بوونگەرایی هزری مرۆڤایەتییە) وە کتێبە گەورەکەی (بوون و نەبوون) ))، (جدوع، 2012، 20) کەواتە دەتوانین بڵێین ((بوونگەرایی هەرچەندە پێشتر سەرەداوی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی لە دێر زەمانەوە دەرکەوتبوو بە تایبەت لە لای سوکرات و پاشان هیگڵ و کانت و تا گەیشتە کیرکیگارد و هایدیگەر و هۆسرڵ و میرلۆبۆنتی و کارڵ یاسپەرز و گابرێل مارسیل و لویس لاڤیل و... هتد. بەڵام سارتەری فەیلەسوف و بلیمەت، توانی بە تەواوی جێدەست و نەخشی خۆی تێدا دیاری بکات و هەموو لق و پۆپەکانی ئەو فەلسەفە شیتەڵ بکاتەوە و چین و توێژەکانی کۆمەڵی لێ وە ئاگا بێنێت، ئەوەش بێگومان بەهۆی زیرەکی و لێوەشاوەیی خۆیەوە بوو کە بێوچان و بێ سڵکردنەوە لە هەوڵدا بوو بۆ بە ئاکام گەیاندنی کارەکەی))، (عەلی، 2006 ، 8) جگە لە هەوڵ و لێکدانەوەکانی ئەو بیرمەند و فەیلەسوفانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، ئەگەر قسە بێتە سەر دەرکەوتنی بوونگەرایی وەك ڕێبازێکی فەلسەفەی سەربەخۆ، پێویستە ئەوەش بڵێین (( دامەزرێنەری بوونگەرایی پیاوێك بە ناوی (سۆرێن کییەر کەگار)ە، کە لە ساڵی 1855 لەدایکبوو و لە 1913دا مرد،... ئەو بازرگانی لۆکە بووە لە 40 ساڵی وازی لە بازرگانی هێناوە و کاتەکانی خۆی بۆ خوێندنەوە دابینکردوە، وەك خوێندنەوەی فەلسەفە و خوداناسی)). (عەلی، 2009، 398)

جگە لەو لێکدانەوەی سەرەوە بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی بوونگەرایی وەک ڕێبازێکی فەلسەفی، دەگوترێت (( مەسەلەی بوون تەوەرەی بیرکردنەوەی گەلێ لە فەیلەسوفان بووە لە ڕابردوودا. لە ڕاستیدا، بەر لەوەی سوکرات و ئەفلاتون توخمی ئەقڵانییەت بهێننە ناو فەلسەفەوە، فەیلەسوفان لەگەڵ مەسەلەی بووندا دەستە و ئێخە بوون و پرسیاری ئەوەش کە مانای زیندووبوون چییە و بوون چی دەگەیەنێت زۆربەیانی سەرسام کردبوو ... هەندێ لە فەیلەسوفانی بەر لە سوکراتیش بێئەوەی ئاگایان لە ئاڵۆزییەکانی فیکری فەلسەفیی داهاتوو بێت سەرگەرمی وەڵامدانەوەی جدییانەی ئەمجۆرە پرسیارانە بوون))، (ماکواری، 200٧، 14، 15)هەموو ئەوانە دەیسەلمێنن بوونگەرایی کۆنترین و بەناوبانگترین ڕێبازی فەلسەفییە، هەروەکو لە سەردەمی شارستانێتی کۆنی یۆناندا، فەیلەسوفی گەورەی یۆنان، (( سوکرات گوتوویەتی (خۆت بناسە) بنچینەی مەعریفە و کۆی زانست و ناوەڕۆکی دانایی، ئەوەیە مرۆڤ خۆی بناسێ، لەبەرئەوە سوکرات بە درێژایی ژیانی فێردەبوو، لەهەمانکاتدا خەڵکیشی فێردەکرد))، (میراودەلی، 2008، 66) ((خۆناسینی مرۆڤ لای (سوکرات) گرنگە، لەبەرئەوەی مرۆڤ چەقی ڕوانینەکانە و بۆ ئەوەی شتی دیکە بناسێت، پێویستە سەرەتا خۆی بناسێت، چونکە ئەوەی دووەمیان هۆکارە بۆ ڕوودانی ئەوەی یەکەم))، (حاجی، 2011، 16) ئەمەش بریتییە لە مرۆڤ کە لە توانای بیرکردنەوەدا لە هەموو بوونەوەرەکانی تر جیادەبێتەوە.

ئەمەی باسکرا وەک دەرکەوتنی ڕێبازەکە، بەڵام کاتێک بۆ ناو فەلسەفی بوونگەرایی شۆڕبببینەوە، دەبینین (( لەگەڵ توێژینەوەی بنەڕەتی بووندا، کۆمەڵێ پرسیار یەخەمان دەگرن و ناچارمان دەکەن بە شوێن وەڵامەکانیاندا بگەڕێین، ئەو پرسیارانەش ئەمانەن، ئایا مانای بوون چییە؟ ئایا بوون چۆن پەیدابووە؟... ئایا لەخۆیەوە پەیدا بووە؟ ئەم پرسیارانە گرنگترین کێشەی فەلسەفەمان دەخەنە بەردەم، کە وەڵامەکانیان دوو فێرگە و بۆچوونی ناکۆك و دژ بە یەکتری وەك ئایدیالیزم و ماتەریالیزمی

هێنایەکایەوە... لە سەردەمی یۆنانەوە، فەیلەسوفەکان بەسەر ئەم دوو فێرگەیەدا دابەشبوون، پێیانوایە کە لەم دوو وەڵام و بۆچوونە زیاتر هیچ وەڵام و یان بۆچوونێکی دیکە لە ئارادا نییە، گەر هەشبن، ئەوا یان ئایدیالیستانە یا مەتریالیستانەیە ))، (کەمال، 2011، 12) بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین (( ئەم ڕێزبەندییەی کەوا بۆ بوون و چییەتی کراوە لای هەمووان بە هەمان شێوە نییە، بە شێوەیەك ئەگەر بڕوانینە بۆچوونی هەر سێ فەیلەسوفە ڕابەرەکە (سوکرات، ئەفلاتون، ئەرەستۆ) دەبینین هەریەکەیان لە بارەی ئەم بابەتەوە بۆچوون و لێکدانەوەی خۆیان هەبووە، هەر ئەم بۆچوونانەش دواتر لای فەیلەسوف و بیرمەندانی تر شێوەی تر بە خۆیەوە دەبینێت )). ( حەوێزی، 2014، 140)

کەواتە ئاساییە ((ئەگەر پرسیارێک بێت بە بیر و هزری خوێنەردا و بپرسێت دەربارەی ماهیەتی بوونگەرایی؟ وەڵام، بوونگەرایی ئەوەیە کە تۆ هەیت، ئەو شتەی کە بوونت هەیە، بەڵام ئەم بوونەی تۆش هیچی زیاتر نییە لە بوونی هەموو ئەو شتانەی تر وەك، بەرد و دار و خوێ و شەکر، بەڵام تۆ جیاوازی لە هەموو ئەو شتانەی تر بەوەی کە ئەوان لەو شکڵ و شێوە و قاوغەی خۆیان زیاد ناکەن و ناگۆڕێن، بەڵام تۆ ئاڵوگۆڕ دەهێنیت بەسەر بوونی خۆتدا، ئەوەش بە عەقڵ و ئاوەز و هۆشیاری خۆت و بە دەستی خۆتە کە خۆت لە ئارایشی جۆربەجۆردا بنوێنیت و خۆشت ڕزگار کەیت لە جەوهەری خۆت و خودگەرایی خۆت ڕاگەیەنیت، چونکە یەکەمجار تۆ هەبوویەکیت پاشان بۆ دووەمجار جەوهەرێکیت))، (عەلی، 2006، 13، 14) دەشێت لە فەلسەفەی بوونگەراییدا شیکردنەوەیەك بۆ ئەم بۆچوونە لەسەر بنەمای وتە بەناوبانگەکەی دیکارت کرا بێت، بەڵام بە داڕشتنێکی تر لای سارتەر، ((وتەکەی دیکارت (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەمر) دەگەڕێتە بۆ گرنگیدان بە پێکهاتە لە بونیادی بووندا، بەڵام سارتەر بە پێچەوانەوە دەبینێت، (من بوونم هەیە، کەواتە من بیر دەکەمەوە)، بە ڕای ئەو مرۆڤ بوونی هەیە زووتر، دواتر بیر دەکاتەوە، لەمەوە ناکۆکی دروستبوو لە بارەی ئەوەی کامیان لە پێشترە بوون یان پێکهاتە وەك ئەوەی لای ڕێبازی مەتریاڵیزم، یان ئەوەی لای ئایدیالیزم دەبینرێت کە ماددە پێش بوون دەخات)). (جدوع ، 2012، 15)

سەرەتا ئەگەر قسە لەسەر ئایدیالیزم بکەین، دەڵێین (( (idea) لە بنچینەدا وشەیەکی گریکییە و لە وشەی (Eidos) کە واتای (دیدار) دەدات وەرگیراوە. ئەم وشەیە هەم واتای بینین دەدات و هەم واتای بینراو، بینراو واتا شتێك کە دەتوانرێت ببینرێت ))، (حاجی، 2011، 45) ئەو بیردۆزەی لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە بە Idealisme ئایدیالیزم ناودەنرێت، لە بەرامبەریدا لە زمانی کوردیدا (نموونەیی) دێت، لە زمانی عەرەبیشدا بە (المثالیة) دەناسرێت. (علوش، 1985، 247، لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، 2006، ٩) ئەگەر بپرسین (( بوون چییە؟ ئەفلاتون و شوێنکەوتوانی لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێن، بوون (هیچ)ە، چونکە ئەوان (ئایدیا) نەك بوون بە بناغە و بنەڕەتی ئۆنتۆلۆجی دادەنێن))، (کەمال، 2011، 317) ئەم بۆچوونەی ئەفلاتون بوو کەوا ئایدیالیزمی هێنایەکایەوە و دواتریش درێژەی کێشا، بەڵام بە پێچەوانەوە بیردۆزێکی تر بە ناوی مەتریاڵیزم Materialiasme ـ سەریهەڵدا، ((بە پێی تێڕوانینی ماتڕیالەکان هیچ شتێك بەدەر نییە لە ماددە و ئەوان ماددە بە بناغەی هەموو شتێك دادەنێن، ماتریالی بە مانا فەلسەفییەکەی، ئەو مەیلەیە دەڵێت هەموو ئەوەی هەیە ماددەیە، یان بە شێوەیەکی گشتی بۆ بوون پشت بە ماددە دەبەستێت. ئەوەی هەیە ماددەیە، کەواتە هەرچی ماددە بێت، ئەوا بوونی هەیە و وەکو بوون مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لە بەرانبەریشدا ئەوەی ماددە نەبێت نییە))، (حاجی، 2011، 41) (ئەرەستۆ)ی فەیلەسوفی یۆنانی لە دیارترین ئەوانەیە کە باوەڕی بەم بیردۆزە هەیە، بۆچوون و لێکدانەوەی ئەفلاتون و ئەرستۆ لە بارەی (بوون) لەوەدا جیا دەبێتەوە، (( ئەرستۆ وەکو قوتابییەکی ئەفلاتون دێت و لێی یاخی دەبێت. ئەرەستۆ دەڵێت، مامۆستام ئەفلاتون ڕاستە جیهانێکی ئایدیاڵ بوونی هەیە، بەڵام بوونی ڕاستەقینە لەوێدا نییە، بەڵکو بوونی ڕاستەقینە لە جیهانی ماتریاڵە، لەسەر زەوییە. کەواتە ئەرەستۆ زیاتر لە ماتریاڵ بوون نزیکدەبێتەوە. بۆیەش بە پێچەوانەی ئەفلاتون ناوەڕۆك لە بوون جیاناکاتەوە. پێیوایە ئەوەی لەم جیهانە ماتریاڵەدا هەیە ئەوەیە شتەکان، فۆڕمەکان، هەڵگری شێوەی ئەو شت و فۆڕمەن. واتە فۆڕمێك بەشێوەی سەربەخۆ بۆ نموونە وەکو، بەرد، مرۆڤ، لە دەرەوەی بەرد و مرۆڤەکان بوونیان نییە، واتە فۆڕم هەرگیز لە دەرەوەی پرنسیپی دووهەم بوونی نییە (واتە ماددە)، ئەم پرنسیپەی دووهەم، هەروەکو فۆڕم خۆی لە خۆیدا ناتوانێ بە تەنها هەبێت، ئەمەش هەنگاوێك بوو بۆ ئاشتکردنەوەی فۆڕم و ناوەڕۆك. دەتوانین بڵێین ئەرەستۆ بوونی لە ئاسمانەوە هێنایەوە سەر زەوی، پێیوایە ئەوە جیهانی ئایدیاڵ نییە، بوونەکان لەسەر زەوی دەجوڵێنێت وەك ئەفلاتون پێیوابوو، بەڵکو ئەوە سروشتە لەسەر زەوی بوونەکان دەجوڵێنێت، ئەمەیش یاخیبوونی ئەرەستۆ بوو لە مامۆستاکەی، بەمەیش تەفسیرێکی تری بۆ بوون هێنایە کایەوە))،(مەنتك، 2011، 188) لەمەشەوە ڕێبازی مەتریالیزم هاتەکایەوە.

لە کۆتایی ئەم باسەدا، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە فەلسەفەی بوونگەراییدا دوو زاراوەی تریش دەردەکەون، کە بریتیین لە (بوونی ڕەسەن) و (بوونی ناڕەسەن) کە پێویستە کەمێک لەسەریان بوەستین :ـ

- *بوونی ڕەسەن:* ((بوونی ڕەسەن، ئەو بوونەیە کە تیایدا خود هەست بە تاکێتی خۆی دەکات و لەوانی دی دابڕاوە، کە دەوترێت لەوانی تر دابڕاوە مانای ئەوە نییە کەسەکە بە تەنها دەژی و دوورە لە خەڵك، بەڵکو لەگەڵ خەڵکدا دەژی و لەگەڵیان تێکەڵ دەبێت، بەڵام لەواندا ناتوێتەوە. ئەم نەتوانەوەیەش لە خەڵکدا بەوە دەبێت کە کەسەکە واز لە خۆی بهێنێت، بەو جۆرەی یان لەسەر ئەو بارەی لە ئەسڵدا خۆی لەسەریەتی ببێت، واتە تواناکانی خۆی هەڵدەبژێرێت و هەوڵی تێگەیشتنی خودی خۆی دەدات ... واتە دەبێت بڕیاردانی لەسەر ئەوەی چی بێت و چۆن بێت لە خودی خۆیەوە دەربچێت، نەك دەوروبەر و کەسانی دیکە بە سەریدا بسەپێنن))، (عەبدوڵڵا، 2008، 29) واتە بوونی ڕەسەن لەنێو کۆمەڵدا بوونێکی داهێنەرە، خۆی بڕیار لەسەر هەڵسوکەوتی خۆی دەدات و ڕێگە بە کارتێکەری دەرەکی نادات بۆی دیاریبکەن.
- بوونی ناڕەسەن (ساختە): بە پێچەوانەی بوونی ڕەسەن، ((بوونی ناڕەسەن (یان ساختە) ئەو بوونەیە کە کۆمەڵێك کارتێکەری دەرەکی پێکیدەهێنێت، ئیدی ئەو کارتێکەرانە بارودۆخ بن یان یاسای ئەخلاقی و دەسەڵاتی ئایینی یاخود سیاسی و شتی تر لەم بابەتانە))، (ماکواری، 2007، 313) یان دەگوترێت: ((ئەگەر لە بوونێکی ناڕەسەن بپرسین بۆچی واتایەك بە ڕاست دەزانێت؟ لە وەڵامدا دەڵێت، چونکە هەموو کەسێك واتاکە بە ڕاست دادەنێت. بوونی ناڕەسەن لە پەنجەرەی باوەڕ و بەها و زانینەکانی ئەوانەوە دەڕوانێتە واتای بوون)). (کەمال، 2007، 158)

کەواتە بوونگەرایی وەک ڕێبازێکی فەلسەفی، جەخت لەسەر بایەخدان بە مرۆڤ دەکاتەوە، ئاشکرایە مرۆڤیش بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بێگومان کۆمەڵیش خاوەن چەندین یاسا و ڕێنمایی و دابونەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتییە، تاکەکانی ناو کۆمەڵ ناچار دەکرێن پابەندبن پێیانەوە، ئەم پابەندبوونە وایان لێدەکات هەست بە بەرپرسیارییەتی بکەن بەرامبەر بە یەکتر، ئەمەش خاڵی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدەهێنێت، بە پێویستی دەزانین کەمێك لەبارەیەوە بدوێین.

### *بەرپرسیارییەتی:*

بەرپرسیارییەتی بنەمایەکە لە بنەماکانی بوونگەرایی، بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی بەرپرسیارییەتی دەگوترێت، (( من دەتوانم چ بکەم بۆ ئەوەی ئەویتر ژیانێکی باشی هەبێت. لێرەدا وەك دەبینین قورساییەکە خراوەتە سەر ئەو ڕەهەندەی مرۆڤ تێبگات ئەو لە جیهاندا بە تەنیا نییە و لە دەوروبەری ئەو مرۆڤگەلێکی دی دەژین، نەك ئەوەی چی بکات لە پێناوی خۆیدا ))، (سیوەیلی، 2006، 26) بەڵکو پێویستە بیر لەوە بکاتەوە کەچی بکات بۆ ئەوەی سوود بە کەسانی تر بگەیەنێت، چونکە ((مرۆڤ لە هەڵبژاردنی سیفات و تایبەتمەندییەکانیدا ئازادە، بەڵام لەو هەڵبژاردنەدا دەبێ (مولتەزیم) و پەیوەستدار بێت، چونکە هەڵبژاردنەکە بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، جا لێرەڕا دەبینین ئازادی و هەڵبژاردنەکە لکاون بە هەست بە بەرپرسیاریەتی...))، (محەمەد، 2001، 87) واتە ژیانی تاکەکان لە ناو کۆمەڵگادا پابەندە بە هەستکردنی ئەو تاکە بە بەرپرسیارییەتی، هەرچەندە ((هەموومان بە ئازادییەوە خۆمان ئافەریدە دەکەین، بۆیە هەموو لەگەڵ ئازادیداین، وەلێ، مرۆڤ چەند ئازاد بێت، هێندەش بەرامبەر کار و کردەوەکانی خۆی و بەرامبەر سەرجەم مرۆڤایەتی بەرپرسیارە ))، (ڕەسول، 2004 ، 5) هەربۆیە لە فەلسەفەی بوونگەرایشدا بەرپرسیارییەتی بنەڕەتێک لە بنەڕەتەکانی بوون پێکدەهێنێت.

ئەگەر بڕوانینە بەرپرسیاری و پەیوەندی ئەو زاراوەیە لەگەڵ داهێنانی ئەدەبیدا، لەبەرئەوەی نووسین بە گشتی و ئەدەبیش وەک جۆرێکی نووسین، جۆرێکە لە بەرپرسیارییەتی، چونکە (( نووسین و بڵاوکردنەوە، بەو حوکمەی نووسینە بە (زمان) و ئامانجیش لە بەکارهێنانی زمان لە یەکتر تێگەیشتنە، ئەوە نووسین نەك هەر نووسەر ڕاپێچی ناو جەرگەی مەسەلەکانی ئەمڕۆی فەلسەفەی ئەخلاق دەکات، بەڵکو ناچاریشی دەکات بە نووسین ڕادەی توندوتیژی و هەڕەشەکان کەمبکاتەوە و بەهۆیەوە لە چەسپاندنی ئاشتیدا ڕۆڵی خۆی بگێرێت. ... نووسین و زمانی نووسین تەنیا هەر هۆکارێکە بە دەستی نووسەرەوە تا بەهۆیەوە خۆی لە بەرامبەر مرۆڤەکانی تردا بەرپرسیار بکا، چونکە نووسین و زمانی نووسین بۆ خۆی ئامانجیشە، کەواتە نووسەر لە ئاست زمانیشدا بەرپرسیارە))،(سیوەیلی، 2006، 38) بەڵام ئەوەی لە نووسین و داهێناندا بەرچاودەکەوێت جیاوازە، نووسین جۆرێکە لە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی، (( پێویستە هەر لە سەرەتاوە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی لە هەر بەرپرسیارێتییەکی دیکە جیا بکەینەوە، بۆ نموونە لە بەرپرسیارێتی لە بواری بازاڕ و ئاڵوویردا، لە بواری ئاڵوێر و بازاڕدا بەرپرسارێتی کردەیەکی مەرجدارە. تۆ هەنارێکم دەدەیتێ لە کاتێکدا من هەرمێیەکت دەدەمێ. بە مانایەکی دی من نرخی ئەو شتەت دەدەمێ کە تۆ پێمی دەفرۆشی و من دەمەوێ لە

تۆی بکرم، بەڵام بەرپرسیارێتی ئەخلاقی، بەرپرسیارێکی بێمەرجە من دەبەخشم بۆ ئەوەی یارمەتی ئەویدی بدەم. یان ئەویدی دەوڵەمەند بکەم، بە بێئەوەی بیر لەوە بکەمەوە ئاخۆ لە جیاتی ئەو شتەی دەیبەخشم، چیترم دەستدەکەوێتەوە. بە لای (کانت)ی فەیلەسوفەوە ئەو کردەیە ئەخلاقی و شایانی بەرگری کردنە کە بزانین چۆن ئەویتر بەختەوەر دەکات))، (سیوەیلی، 2006، 24) نووسەری ئەدەبی بەرپرسیارە بەرامبەر کۆمەڵ لەو پەیامەی کە دەق لەخۆی دەگرێت، ئەم مەرجەش بۆ هێنانەکایەی دەق لە کۆنەوە بەسەر ئەدەبدا چەسپاوە، هەروەکو لە شارستانی کۆنی یۆناندا دەبینین ((هەڵوێستە توندوتیژەکەی (ئەفلاتون) بەرامبەر شاعیران پەیوەندییەکی بەهێزی بە مەسەلەی ئیلتیزامەوە هەیە، چونکە لەسەر بناغەی ئەو ڕۆڵەی هەر کەسێک دەبوایە لە کۆمارەکەیدا بیگێڕێت، باس لە ئەرکی شاعیر دەکات و بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیران بە کردەوە هیچیان پێناکرێت و تەنها قسەیان هەیە))، (سابیر، 2006، 493) واتە ئەفلاتون پێیوایە هەموو تاکێک بەرپرسە بەرامبەر ئەوانی تر لەناو کۆمەڵگادا، پێویستە شاعیرانیش بەشێک لەو بەرپرسیارییەتییە بگرنە ئەستۆ تا بتوانن بەشێک بن لە کۆمارەکەیدا، هەرچەندە ((لە کاتی نووسیندا خوێنەر ئامادە نییە و لە کاتی خوێندنەوەشدا نووسەر مردووە، بەڵام نە نادیاری خوێنەر لە کاتێکدا نووسەر دەنووسێت و نە مردنی نووسەر لەو کاتەدا کە خوێنەر دەخوێنێتەوە، بەڵگە نین بۆ ئەوەی کە بڵێین ئەو بارودۆخەی ئەوانی تێیدان بارودۆخێکی ئینسانی نییە، چونکە نادیاری دوو مرۆڤ لە یەکترەوە، بەرپرسیاریی ئەخلاقییان لە بەرامبەریەکدا لەسەر کەم ناکاتەوە. نووسەر لە کاتێکیشدا کە ڕوخساری خوێنەر نابینێت و توانای ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی کۆنکریتی لەگەڵدا نییە، هێشتا هەر لە ئاست ئەو وێنە خەیاڵییەدا بەرپرسیارە کە لە ناوەوەی خۆیدا لەسەر خوێنەر سازی دەکات، چونکە نووسەر بۆ خۆی هەرچییەکمان لەسەر ئەوە پێ بڵێن کە بۆچی دەنووسێت و هاندەری ئەو بۆ نووسین چییە، هێشتا ناتوانێت بڵێت نووسینەکەی (هۆیەکی پەیوەندیکردن نییە) ))،(سیوەیلی، 2006، 33) ئەم لێکدانەوەیە پێماندەڵێت کە نووسینی ئەدەبی بێبەش نییە لە بەرپرسیارێتی، هەر ئەوەش ئەدەب بە کۆمەڵەوە پەیوەست دەکات، چونکە هەروەکو (ئەنوەر شاکەلی) (( لەبارەی چۆنیەتی پەیدابوونی ئیلتیزام لای شاعیر دەڵێ : (نووسەر وەکو مرۆڤێ (مرۆڤێکی هۆشیار) ناتوانێ بەرامبەر بەو بارەی خۆی و وڵات و جیهانی پیا تێپەڕ ئەبێ بە بێ لایەنی بوەستێ، ناچار بەرامبەر ڕووداوەکان هەڵوێستی تایبەتی خۆی کە لە ئەنجامی بەراوردکردن و لێکدانەوەدا پەیدا ئەبێ، بێگومان ئامادەشە بە هەموو جۆرێک بەرگری لە هەڵوێستەکەی بکات … لێرەدا ئیلتیزام پەیدا ئەبێ)، ئەمەش کارتێکردنی ڕووداوەکانی سەردەم لەسەر شاعیر دیار دەکات و ئەوە دەردەخات کە شاعیری مولتەزیم ناتوانێت بەرامبەر بە بارودۆخی ژیانی سەردەمەکەی دوورە پەرێز بوەستێت)). (سابیر، 2006 ، 525)

لەبەرئەوەی (حاجی قادری کۆیی)ش شاعیرێکی نەتەوەییە، خۆشەویستییەکی بێوێنەی بۆ خاك و وڵاتی خۆی لە دڵدا هەڵگرتووە، بۆیە لە شیعرەکانیدا هەستێکی ئاشکرای بەرپرسیارییەتی تێدا دەبینرێت، بەڵام پێش شیکردنەوەی نموونە شیعرییەکان، ئەگەر تەنها بڕوانینە ئەو دێڕە شیعرەی خوارەوە، ئەوا بەڵگەی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی ئەو شاعیرەمان دەستدەکەوێت:

حاجی کەسێکە بێکەس بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ

گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەڵا لە خۆتان میران و شارەزا ، 1986، 88

واتای دێڕەکە ئاشکرایە و پێمان دەڵێ کەوا ئامۆژگارییەکانی بە هەند وەربگرین، ئەگینا خۆمان زەرەرمەند دەبین.

### ***1-1 بوون لە جیهاندا و بەرپرسیارییەتی لە شیعری حاجی دا :***

دوای ئەوەی هەریەکە لە زاراوەکانی بوون و بوونگەرایی ڕوونکرایەوە، لە سەرەتای ئەم بەشەدا (( دەبێت بزانین بوونخوازەکان چۆن باسی مرۆڤ دەکەن. هایدیگەر بە "دازاین " Dasein ناویدەبات و سارتەریش پێیدەڵێت، بوون ـ بۆ ـ خۆ Being – for – self. "دازاین" زاراوەیەکی ئەڵمانییە و هایدیگەر لە پەڕتوکەکەیدا کە لە ساڵی 1927دا بە ناوی Sein und Zeit بڵاوکراوەیەوە، بۆ بوونی مرۆڤی بەکارهێناوە، " دازاین " لە دوو وشە پێکهاتووە،"دا Da واتا لێرە، " زاین " Sein واتا بوون، هەردوو وشەکە پێکەوە دەبن بە " بوون ـ لێرە ". واتای ئەم زاراوەیە مانای بوونی مرۆڤە لێرە یان لە جیهاندا. مرۆڤ بوونەوەرێکی جیهانییە و بە بێ بوونی جیهان نییە و نابێت و لە دەرەوەی جیهاندا بیر لە بوونی ناکرێتەوە)). (حەوێزی، 2014، 129) واتە لە فەلسەفەی بوونگەرایدا مەسەلەی (بوون لە جیهاندا) گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، (( یەکەم پێشمەرجە و لە هەموو پێشمەرجەکانی دیکە، هەمەکیتر و گرنگترە و لە دوو بڕگەی سەرەکی پێکهاتووە، " لە ناو " و " جیهان ". مانای ئەم بڕگانە لە بوونی مرۆڤەوە بۆ بوونی ئاژەڵ و بوونەوەرەکانی تر دەگۆڕێت. بوونی" من " لە ناو جیهاندا، وەکو بوونی کورسی و مێز لە ناو ژوورەکەمدا نییە. واژەی " لە ناو " ئەو فاکتۆرە دەردەخات کە من و کورسی و مێزەکە لە ناو جیهانداین، بێگومان، لە ڕووی ڕێزمان و زمانەوانییەوە بەکارهێنانی وشەی " لە

ناو " بۆ مرۆڤێك و بۆ کورسی و مێزەکە، جیاوازی نییە و ماناکەی ناگۆڕێت، بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە ماناکەی دەگۆڕێت. بوونی" من " لە ناو جیهاندا وەك بوونی کورسی و مێزەکە تەنها پڕکردنەوەی بۆشاییەك نییە، چونکە من بە ئاگاوە لە ناو جیهاندام " جێنشین " بووم و خەمخۆر و دڵنیگەرانی دەوروبەرمم ، مێز و کورسییەکەش لە ناو جیهاندان، بەڵام ئەم هەڵوێستەیان نییە))، (کەمال، 2011، 43) جا لەبەرئەوەی (بوون لە جیهاندا) پانتاییەکی زۆر لە تەواوی ژیانی ڕۆژانەمان دەگرێتەوە، بۆیە چەند بابەتێکی تێدا دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی باشتر مەبەست بپێکین و لە شیعری (حاجی قادری کۆیی) دا دەستنیشانییان بکەین، ئەم باسە بەسەر چەند ناونیشانێکدا دابەش بکەین :

### ٢-١ خۆشەویستی حاجی بۆ خاك و وڵاتی خۆی:

بۆ ئەوەی بوون لە جیهاندا دەربکەوێت پێویستە لە شوێنێکدا بژی، جا لەبەرئەوەی (( پێشمەرجی ئۆنۆتۆلۆجی (بوون – لە ناو – جیهاندا )، - شوێن - دیاریدەکات و دەبێت بە (بوون لە ناو شوێندا). مرۆڤ لە هەرچ سوچێکی جیهاندا بژی، ئەوا لە ناو شوێندایە. شوێنیش وەکو واژە فەلسەفییەکانی پێشووتر لە بوونی مرۆڤدا مانایەکی فراوانی هەیە، چونکە مرۆڤ وەکو بوونەوەرەکانی دیکە، لە ناو شوێندا نییە و بەو حوکمەی خاوەنی ئاگامەندییە، ئەوا هەست بە بوونی لە ناو شوێندا دەکات و چۆنیەتی شوێنەکەش، بارودۆخی دەروونی و بیرکردنەوەی دەگۆڕێت. ئەزموونە دەروونی و عاتیفەکانی، لە ناو شوێنێکیدا نوێدا، وەکو ئەو ئەزموونانە نییە کە لە شوێنێکی دیدا هەیبوون)).(کەمال، 2011، 46 – 47) هەرچەندە سەراپای ژیانمان لە چوارچێوەی کات و شوێندایە، لەبەرئەوەی ((شاعیری داهێنەر ئەوەیە کە لە وێنەی سروشتیدا داهێنانێکی تازەمان پێشکەش بکات و وێنەکە لە پەیوەندییە سروشتییەکان ڕزگار بکات و پەیوەندییەکی تازە لە نێوان ڕەگەزەکاندا دروست بکاتەوە و مەغزایەکی تازەیان پێ ببەخشێ. شاعیرانی کوردیش هەر لە سەرەتاوە وێڵ و سەرگەردانی سروشتی دیمەنە دڵڕفێنەکانی کوردستان بوون و وێنە جوانەکانی ئەم سروشتە ڕازاوەیان وەرگرتووە و لە شیعرەکانییاندا تەوزیفییان کردووە))، (گەردی، 2004، 333) ئەگەر چاوێک بە شیعرە کوردییەکانی حاجیدا بخشێنین، زۆر جوان خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەی تێدا دەبینین، (( لە شیعری (گوتم بە بەختی خەواڵوو) دا بە دیمەنەکانی کوردستاندا هەڵدەڵێ و باسی ئاژەڵ و گیا و گوڵ و بەرووبووم و دێ و ڕەشماڵ و چیاو دۆڵ و نهانی کوردستان دەکات و بەمەوە کوردستان دێنێتەوە بەرچاوی کورد و خۆشەویستی دەکا لە لای تا نرخی بزانێ و هەوڵی سەربەخۆیی بدا))، (مەعروف، 2007، 31) هەروەکو دەڵێ :

*گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتوو بی خودا*
*لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا*
*گوڕەی بەهارییە ئێستێکە شاخ و داخی وڵات*
*پڕە لە لالە و نەسرین و نەرگسی شەهلا*
*لە گرمە گرمی سەحاب و لە هاژەی باران*
*چیایە پڕ لە هەرا و نواڵە پڕ لە سەدا* میران و شارەزا ، 1986، 31

ئەو وەسف و پیاهەڵدانەی بۆ ئەو دیمەنە سروشتییەی کوردستان لەو شاکارە مەزنەی حاجی دا دەردەکەوێت، وەسفێکی بێوێنەیە، ((دیارە چ جۆرە جوڵە و چالاکییەك لە واژەی (گرمەگرم، هاژە، هەرا، نەواڵ، سەدا) بەدی دەکرێ، چ جۆرە وێنەیەکی ئەندێشەیی و زیندووی پڕ جوڵە و حەقیقەت لە هەمان کات حازر کردووە و خوێنەر دەخاتە چ حاڵەتێکی دەروونی))، (قادر، 2012، 65) هەموو ئەمانەش نیشانەیەکن بۆ خۆشەویستی حاجی بۆ وڵاتەکەی، دەکرێت وەك بەرپرسیارییەتی بەرامبەر وڵات، وەک بنەڕەتێک بۆ بوون لە جیهاندا لە شیعری ئەو شاعیرە مەزنەدا ئەژمار بکرێت.

جگە لەو نموونەیەی سەرەوە، دیارە شاری کۆیە ئەو شارەیە کە زێد و ژینگەی حاجی بووە، ((وردبوونەوە دەریدەخات حاجی قادر لە نێو عیشقی بۆ تێکرای کوردستان عیشقێکی تایبەتی هەبووە بۆ کۆیێ و خەڵقی کۆیێ. لەوەشدا چ ڕەخنە لە حاجی ناگیرێت، چونکە لە کەس داوا ناکرێ بێشکەی منداڵی خۆی و بەر ئاگردان و شوێنەواری کەسوکاری لە دڵدا چەقبەستووتر نەبێ تا بێشکە و بەرئاگردان و شوێنەوارێکی تر کە بە ڕاستی لێی نەبووە و تێیدا نەژیاوە))، (محەمەد، 2010 ، ب. 3، 173) هەر بۆیە دەتوانین بڵێین (( حاجی هەروەکو سوتاوی نیشتمانی گەورە بووە و بەو عشقەوە تلاوەتەوە، کۆیەش کە نیشتمانی تایبەتی خۆیەتی ئێجگار سوتاوو و بە پەرۆش بووە، ئەم شیعرانەی خوارەوەی وێنەیەکی عشقی وڵاتی تایبەتی خۆیەتی، هەروەکو دەڵێ:

*لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ*

*قوبەی کشمیری دا بەر شەق وەکو گۆ))* (حلمی، 1988 ، 115)

ئەگەر لە تەواوی قەسیدەکە وردبینەوە، دەبینن ((هەرچەندە ئەم قەسیدەیەش هەر وەسفی بەهارە، بەڵام وەسفی شوێنێکی دیاریکراوی کوردستانە، کە ئەویش زێد و مەفتەنی پەروەردەبوونییەتی، جگە لەوەش قەسیدەکە هەر بە تەنیا وەسفی سروشتی ناوچەی کۆیە نییە، بەڵکو وەسفی هەر کەس و هەر شتێکە لە ئاووهەوا و لە شوێنی سروشتی جوگرافی، لە مێژووی، لە لاوی لە پیری، لە کچی جوانی، لە باری کۆمەڵایەتی خەڵکی ئەو ناوچەیە، لە جوامێرییان، لە ئاینیان، لە شوێنە ئاینییەکان، لە خورەوشت و ئازایەتییان ...))، (قادر، 2012، 204 – 205) هەموو ئەمانەش بەڵگەن بۆ ئەوەی ((حاجی شارەکەی خۆی خۆشدەویست، خۆشەویستی بۆ هەموو شتێکی ژیانی سەردەمی خۆی کە هیچ شتێکی لەوانە نەبوو، خۆشەویستی بۆ هەموو کەسێکی نزیکی، کە ئەو هیچ کەسێکی خۆی شك نەدەبرد، هەمووی بە کۆیەدا بوو. ئەو کە ئەو شتانە یان ئەو کەسانەی نەبوو، خۆ (کۆیە)ی هەبوو. حاجی (کۆیە)ی بە هی خۆی دەزانی ... حاجی (کۆیە)ی بە بەرهەمی تێکۆشان و هۆش و باری دەروونی خۆی دەژمارد:

*هەروەکو شارانی تر کەس ئاشنای کۆیە نەبوو*

*شوهرەتی ئەبیاتی من خەڵکی لەدەور کۆکردەوە* )) ( دلێر، 1998، 86)

تەنها ئەو دێرە شیعرەی سەرەوە بە تەنها واتایەکی مەزن لەخۆدەگرێت، ڕادەی خۆشەویستی و قەدر زانینی کۆیە لای شاعیر ڕووندەکاتەوە، دەردەکەوێت کەوا حاجی چۆن هەوڵیداوە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە ژینگەی شارەکەی وێنە بکێشێت و بەمجۆرە شاری کۆیە بە جیهان بناسێنێت.

جگە لەو چەند نموونەیە، لە چەندین دەقی شیعری تریدا، وەسفی جوانی کوردستان دەبینرێت، کە نموونەی گونجاون بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی لای حاجی قادری کۆیی، هەروەکو ((عەلائەدین سەجادی خۆبەستنەوەی شاعیر بە ژیانی سەردەمەکەی لە گۆڕانی دید و بۆچوون و جۆری تێگەیشتنی لە واقیعی سەردەمەکەیدا دەبینێت، بۆیە گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعرەکانی (حاجی قادر) بە پێی گۆڕانی ئەو بارۆدۆخەی بە سەر ژیانی دا هاتووە دەکاتە پێوەری هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی و ڕادەی هەست بە لێپرسینەوە کردنی شاعیر بەرامبەر بە ئێش و ئازار و گرفتەکانی کۆمەڵ پیشاندەدات، کاتێک دەبینێ بە پێی پێوستییەکانی ژیانی واقیعی کۆمەڵگاکەی ئەو بابەتانەی گۆڕیوە کە ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێکهێناوە))، (سابیر، 2006، 502) لێکدانەوەکەی مامۆستا سەجادی پشتگیری ئەو بۆچوونەمان دەکات کە پێمان وایە هەستی بەرپرسیارێتی لە شیعری حاجی دا بەرچاودەکەوێت، چونکە (( بە خوێندنەوەی شیعرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەموو ئەوەمان پێ دەڵێن کە حاجی شاعیرێکی مولتەزیم بووە شیعرەکانی دەچنە نێو ئەدەبێکی ملتزم کە دەرد و ئێش و ئازاری جەماوەری میللەت دەخاتە ڕوو و ڕێگا چارەسەی کۆتایی هێنان بەو ئێش و ئازارە دادەنێ و ڕێگای چۆنیەتی لابردنی کۆسپ و تەگەرەکانی لە ڕێی پێشکەوتن بەوەی کە ڕێنمایی خەڵك دەکات بەو شیعرە سوك و لەسەر دڵ شیرینانە))، (قادر، 2012، 264) هەر بۆیە مامۆستا مەسعود محەمەد پێیوایە (( چەسپاندنی حاجی قادر لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆیەدا بە قەدەر هەر ڕەوشت و سروشتێکی دیار لە ژیانی حاجیدا دیار بووە. گوزارشتێ کە لێی دەگێردرێتەوە لەگەڵ هەڵبەستەکانی، لەم ڕووەوە وەك دەنگ و دووبارەبوونەوەی یەکدی تصدیق دەکەن ... حاجی لە سەرەتای خۆناسینیەوە ڕۆڵەیێکی هەستیار و هۆشیار و ئازا و دڵسۆزی کۆیێ بووە ... چەندێکی بەراوردیم کردبێ لە میانی شیعری حاجی و شاعیرانی دیکەی کۆیێ و غەیری کۆیێ نەمدیوە هیچیان بە ڕادەی حاجی خۆ بە خاوەن ماف، بەڵکو مەسئوول، بزانن لە کاروباری ئەو جێگەی لێی ژیاون)). (محەمەد، 2010 ، ب. 1، 111)

### ***3-1 داواکردن بۆ تەبایی و یەکگرتن:***

لە چەند دەقێکی شیعریدا، حاجی قادر وەك هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر گەل و وڵاتی خۆی، داوای یەکگرتن لە گەلی کورد دەکات و دڵسۆزی خۆی بەرامبەر بە گەل و وڵاتی خۆی بە بەرپرسیارییەتی سەر شانی خۆی دەزانێت، بۆ نموونە دەڵێ :

*تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد*

*هەروا دەبنە خەرابە ئاباد*

*ئەنواعی میللەل لەگەورە تا بچووک*

*خەمڵیوە مەمالیکی وەکو بووک*

*یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک ڕەنگ*

*بێ غەیب و عەیب و عارو بێ دەنگ*          میران و شارەزا، 1986، 199

پێیوایە تا کورد ڕێککەوتوو و یەکگرتوو نەبن ئەوا هەر وا ماڵوێران دەبن، ((بە ڕاستی باوەڕی حاجی قادر بە گەلی کورد یەکێکە لەو تایبەتمەندییە یەکجار زلانەی کە لەو سەردەمەدا نەك هەر لە ناو کورددا شتێکی دەگمەن بوو بگرە ئەو تەرزە فکرە جارێ لە ناو دراوسێکانی کوردیشدا هەر یەکەمجار بوو))، (محەمەد، 2010 ، ب. 3 ، 292) بەڵام ڕەخنەی ئەوەی لە کوردان هەیە کە یەکگرتوو نین، بۆیە ئامۆژگاریکردنیان بۆ یەکگرتن بە بەرپرسیارێتی سەرشانی خۆی دەزانێت.

هەروەها لە دەقێکی تردا داوا لە گەلی کورد دەکات چیتر وەك گەلێکی ژێردەستە نەژین، هەروەکو دەڵێ :

*بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە*

*ئەمن خامەم هەیە، شییر نادیارە*

*نە بەیداغی هەیە نە تەپڵ و کورسی*

*ئەمەندەی پێ کرا بێ چارەنووسی*

*وەظیفەی خۆم بە جێ هێنا تمامی*

*بە شیر و دەوڵەتە میللەت نیظامی*          میران و شارەزا، 1986، 254– 255

لەو کۆپلەیەدا شاعیر خەم لە ناکۆکی و دووبەرەکی ناوخۆیی گەلی کورد دەخوات، چونکە وایدەبینێت ئەو خۆی بە نووسین شۆڕشێکی بەرپاکردووە، بەڵام ئەگەر شۆڕشەکەی ئەو پاڵپشتییەکی چەکداری لەگەڵدا نەبێت ئەوا هیچ سوود و قازانجێکی نابێت، بۆیە ئامۆژگاریی گەلەکەی دەکات کە پاڵپشت و پشتیوانی یەکتری بن بۆ ئەوەی لە پاڵ شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکەی حاجی دا بە ئاواتەکانیان بگەن، ئەمەش ئەوپەڕی هەستکردنە بە بەرپرسیارییەتی، (( لەمەش زیاتر تەگبیرکردنی بێدەنگ و پەیداکردنی ئەسبابی شەڕی وەك تۆپ و تفەنگییان لە بەردەم دادەنێ و دەڵێ :

جۆشێك بدەن وەکو هەنگ تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ

ئەسبابی شەر پەیاکەن، تۆپ و تفەنگ و هاوەن

ئەم شیعرانەی حاجی نموونەی زۆر ئاشکرای لە میللەت نزیك بوونەوە و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیەتی))، (شارەزا و جەباری، 1974، 34) چونکە ئەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی تێدا دەبینرێت، ((حاجی بلیمەت دەزانێ ئەسبابی شەڕ وەکو تۆپ و تفەنگ ... هتد هۆیەکن بۆ هێز و دەسەڵات، بەڵام ئەم ئەسبابە ئەو هێز و دەسەڵاتە و هیوا و ئاواتی سەرکەوتن و پێشکەوتن ناهێنێتە دی ئەگەر بە نەزانی بخرێنە کار بە بێ تەگبیر و تەدبیری زانایانە و ڕۆشنبیرانە، واتە ئەگەر هێزی خامە نەچێتە پاڵ هێزی چەك، ئەم دووانەیە بە جووتە هەمیشە بە یەکەوە نەبن هەرگیز سەرکەوتن و ژیانی بەختەوەرانە نایەنەدی))، ( قادر، 2012 ، 161) ئەو ئامۆژگاری و هاندانەش وەک ئەرکێک دەخاتە ئەستۆی خۆی، کە ئەمەش جۆرێکە لە هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی، هەروەکو لە کۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێ :

*کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن*

*پێکەوە پووش و ئاگرو نەوتن*

*بێ ئەگەر دەستی یەکتر بگرن*

*وەک سکەندەر جیهان هەموو دەگرن*   میران و شارەزا، 1986، 188

لەو چەند دێڕە شیعرەدا دەبینرێت، ((حاجی قادر لە چاو شاعیرانی سەردەمی خۆی یەگجار لە میللەت نزیك بۆتەوە و بە تەواوی ئاوات و ئازار و داخوازییەکانی دەربڕیوە. دەردەکانی میللەتی کوردی بۆ دەربڕیون کە نەزانی و پاشکەوتن بۆیە وا لە ناتەبایی و دوژمنایەتی یەکدی کردندا وەك پووش و ئاگر و نەوتن بۆ هەڵگیرسانی گڕی فیتنە و دووبەرەکی)). (شارەزا و جەباری، 1974، 32)

#### ١ـ٤ دەردی دووره وڵات :

حاجی قادری کۆیی، کە سەردەمێک لە دوورە وڵاتدا ژیانی بەسەربردووە، دووری نەبۆتە هۆی ئەوەی وڵاتی خۆی لەبیر بباتەوە، ئەگەر چاوێک بە شیعرەکانی شاعیردا بخشێنینەوە، دەبینین ((حاجی لەو ڕۆژەوە کە بیری کردبووەوە لە دواکەوتوویی کورد و گیرۆدەیی کوردستان، بڕیاریدا بوو کە گیانی خۆی بەخت و وەختی خۆی تەرخان بکا لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەیا. هەر لە پێناوی ئەوانا بوو کۆنەپەرستان تەنگیان پێ هەڵچنی و جێیان پێ لێژکرد و ناچاریان کرد وڵاتەکەی بەجێبهێڵێ و ڕوو بکاتە وڵاتی

بێگانە و ئەستەمبوڵ بکا بە ماوای خۆی و دوور لەو کوردستانە کە تا مرد هەر دڵسۆز بوو بۆی ... حاجی لەوانە نەبوو لە تیر و توانجی لۆمەکەران دەس لە بیروباوەڕە بەرزەکانی هەڵگرێ و تف لە تێکۆشانی لەوە پێشی خۆی بکا و پشت لە ئاواتە پیرۆزەکانی نەتەوەی کورد هەڵکا :

*دەفەرمووی ئەمر عەزابە بۆچ دەکێشی؟*

*چ مەزلوومە ئەگەر چاوت نەێشی؟*

*قوڕی کێ کەمر بەسەر خۆما لەغوربەت*

*خەومر نایە لە داخی موڵك و میلەت* ))( مەلا کەریم ، 2008، 123، 124)

کەواتە لە دوورە وڵاتیشدا هەر هەستی بە بەرپرسیارییەتی کردووە بەرامبەر گەل و وڵاتی خۆی، وەک خۆی دەڵێ خەمخۆری بۆ گەل و وڵاتی ئازاری پێ دەچێژێت و خەو و خۆراکی لێ تاڵ دەکات، ئەوەش نیشانەی ئەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتییە کە لە شیعرەکانیدا بەرچاودەکەوێت.

هەروەها لە دەقێکدا تردا دەڵێ :

*من کەسێکمر زەمانەیی ناکەس*

*دای بڕیومر لە قەومر و قیلە و کەس*

*هەر منمر ئێستا وارثی عیسا*

*بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا*  میران و شارەزا ، 1986 ، 210

شاعیر خۆی بە بێکەس دەبینێت، هەر تەنها ئەو بێکەس و بێ ماڵ و حاڵ ماوەتەوە، لە خزم و کەسوکاری دابڕاوە، هیچ کەس وەک ئەو وەهای بەسەر دا نەهاتووە، بۆیە خۆی بە عیسا دەشوبهێنێت لە بێکەسیدا، بۆیە لە شوێنێکی تریشدا لە داخی دوورە وڵاتی دەڵێ:

*داستانی هیجری من شەرحی بە نووسین ناکرێ*

*پێت دەڵێمر چۆنە ئەگەر چاومر بە چاوت کەوتەوە*  میران و شارەزا، 1986، 127

واتە دەرد و ئازارەکانی ئەو دوورییە ئەوەندە زۆرن، کەوا لە نووسیندا جێگەیان نابێتەوە و پێویستە لە دیدارێکدا ئەو داستان و سەرگوزشتانە بگێڕدرێنەوە.

هەروەها لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێ :

*غەریبی غوربەتی کردمر بە ئەوطان*

*سەراپا ئەرزی لێ کردوومە بە زیندان  میران و شارەزا ، 1986، 244*

شاعیر ئەوەندە دڵسۆزی گەل و وڵاتی خۆی بووە، بۆیە لەو ماوەیەی لە دوورە وڵاتدا ژیاوە، هەردەمر لەگەڵ یاد و یادەوەری وڵات و شارەکەی خۆیدا ژیاوە، لە ئاوارەییدا ئەوەندە خەمبار و دڵتەنگ بووە و کەوا تەواوی سەر ڕووی زەوی وەک زیندانێک دەبینێت، ئەمەش ئەوپەڕی هەستکردنە بە بەرپرسیارییەتی کە لەو وەسفەدا دەریدەخات. هەر لە هەمان شێوەدا لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێ :

*قوڕی کوێ بکەمر بەسەر خۆما لەغوربەت*

*خەومر نایێ لە داخی موڵک و میللەت*

*ئەگەر وەک من خەبەردار بن لە دەوڵەت*

*لە حەیفان خۆ دەخنکێنن بە بێ پەت*  میران و شارەزا، 1986، 230

حاجی لە دوورە وڵاتەوە خەمر لە گەل و وڵاتی خۆی دەخوات و پێمان دەڵێ کەوا ئەو زۆر ئازا و خۆڕاگریش بووە، کە توانیوویەتی بەرامبەر ئەو هەموو ئێش و ئازارە بەرگە بگرێت، کەسێکی تر لە شوێنی ئەو بووایە بەرگەی نەدەگرت. دووبارە لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێ :

*تەماعمر بوو دونیاو عوقبا بخۆمر*

*ئەممر چوو لە دەست و ئەومر بۆ نەهات*

*لە غوربەت بە شاهی لەبیر ناکرێ*

*زەمانی جوانی و یادی وڵات     میران و شارەزا ، 1986، 55 – 56*

شاعیر لێرەدا دەریدەخات کەوا هیوا و ئاواتی زۆری هەبووە و نەهاتۆتە دی، بەڵام سەرەڕای هەموو شتێک هیچ هێزێک نییە لە دوورە وڵاتیشدا، خۆشەویستی وڵاتی لە بیر بەرێتەوە.

هەروەها لە دەقێکی شیعری تردا دەڵێ :

*شەو و ڕۆژێ دەبرژێم و دەقرچێم*

*بە سووتن ئیکتیفا ناکەم وەکو موو   میران و شارەزا ، 1986، 101*

ڕادەی هەستکردنی شاعیر بە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر خەم و ئازارەکانی گەل و وڵاتەکەی، گەیشتۆتە ڕادەیەک کە خۆی وەک مووی سووتاو وەسف دەکات، هەروەک چۆن موو بە سووتان لە ناو ناچێت، ئەویش دەسووتێت و کۆتایی بە ئازارەکەی نایەت.

هەروەها لە دەقێکی تریدا هەمان بابەتی بەرجەستە کردووە و دەڵێ :

لە (ئادەم ) بگرە تا دەورانی ئێستا

یەکێکە (حاجی) لەو خاکە هەڵستا

کە غەمخواری بکا بۆ میللەتی خۆی

لە بەینی گەورەکان و شێخی بێ پۆی

زەمانە تووشی دەرد و غوربەتی کرد

غەمی کۆیێ پەرێشانی هەمووی کرد           میران و شارەزا، 1986، 253

لێرەدا شاعیر خۆی لەگەڵ خەڵکانی تری ناو کۆمەڵگا بەراورد دەکات، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە، لە سەردەمی باوکە ئادەمەوە تا دەرکەوتنی حاجی، هیچ کەسێکی وەک ئەو دڵسۆز و خەمخۆر دەرنەکەوتووە، ئەو هەموو خەمخواردنە لە دەور و زەمانە بوو بەهۆی ئاوارەبوونی، بەڵام لە ئاوارەیشدا هەردەم نیگەران و پەرێشان بووە بۆ شاری کۆیە، ئەمەش دیسان جۆرێکە لە هەستکردن بە بەرسیارییەتی لای شاعیر.

لە دەقێکی تریدا، دڵسۆزی بۆ گەل و وڵاتی تێدا دەبینرێت :

*کوڕێکی وا نەبوو هەستێتە سەر پێ*

*بزانێ خەڵقی چۆن کەوتوونە سەر ڕێ*

*بکا سەیری جەریدە و حاڵی میللەت*

*کتێبی تازەو تەئریخی دەوڵەت*

*بزانێ تا چ قەوماوە لە ئەتراف*

*سەرابا ئاگرە ئەتراف و ئەکناف*           میران و شارەزا، 1986، 213

شاعیر لە دڵسۆزیدا بۆ گەل و وڵاتی خۆی دێتە دەنگ، لەوە نیگەرانە کەوا لە گەلی کورددا کەسێک پەیدا نەبووە، کەوا لە هەواڵی میللەتانی دەوروبەر بپرسێت و بزانێت لەو وڵاتانەدا، لە ڕۆژنامە و کتێب و مێژوویاندا چی نووسراوە، تا بەهۆیەوە ئاگاداری ڕووداوەکانیان ببن، ئەوەش نیشانەی ڕۆشنبیری حاجی دەردەخات، کەوا لەو سەردەمەدا زانیاری لەسەر ئەوە هەبووە کە لە وڵاتاندا ڕۆژنامە و چاپەمەنی هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکان، لێرەشدا هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر گەل و وڵاتی خۆی تێدا دەبیندرێت، کە پێیوایە پێویستە کوردیش خوێندەواری وەهای تێدا هەڵبکەوێت. دووبارە لە هەمان شێوەدا، لە دەقێکی تردا دەڵێ:

کەوا بوو چاکە جامی خۆم قەبا کەم

بەری دەست هەڵبڕم ڕووی خۆم لە خوا بکەم

بڵێم ئەی ڕازیقی مێشوولە و فیل

بە حەققی جوبرەئیل و هەم سرافیل

هەڵی کەی بەیرەقی کوردی لە دەوران

لە مابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان

لە شەرق و غەربەوە تا قیطعەی کۆ

لە بەر گۆچانی ئەمرت بێ وەکو گۆ          میران و شارەزا، 1986، 247

لێرەدا حاجی هیچ چارەیەک شک نابات، تەنها ئەوە نەبێت کە ڕووی پاڕانەوە بکاتە قاپی خودای گەورە، لێی بپاڕێتەوە تا لە نێوان هەردوو چیای کەکۆن و هەیبەسوڵتان (کە شاری کۆیە دەگرێتەوە)، وڵات و کیانێک بۆ کوردان بنیات بنێت، ئەو وڵاتە لە ژێر فەرمان و ڕاسپاردەی خودادا بەڕێوەبچێت، ئەمەش جۆرێکە لە هەستکردن بەرپرسیارییەتی وەک بنەڕەتێک بۆ (بوون لە جیهاندا)، کە شاعیری گەیاندۆتە ڕادەی نزا و پاڕانەوە لە خودای تاك و تەنها لە پێناو وڵاتەکەی.

لە کۆتایی ئەو بەشەدا بەو ئەنجامە دەگەین، کە ((بوون ـ لەناو جیهاندا (In – der – Well - Sein) یان بوون لەگەڵ کەسانی دیدا (Mit- Sein)، بوون – لە ناو شوێندا، پەیوەندییە دەرەکییەکانی مرۆڤ ڕووندەکەنەوە، هەندێکی دیکەیان وەك مەزاج، تێگەیشتن، زمان، ئاخافتن، نیگەرانی، بوون – بەرەو – مردن و زۆری دیش، لەناو بوونی" خۆ" ی مرۆڤدا کار دەکەن و ڕۆڵ دەبینن. هەموو ئەم مەرجانە، ئەگەر سەرنجێکی وردیان بدەینێ، ئەوە دەگرنەوە بوونی مرۆڤ، بە بێ ئەمانە نابێت، مرۆڤ دەبێت لە ناو جیهاندا بێت، لەگەڵ کەسانی دیکەدا بژی، مەزاجی هەبێت و لە خۆی و دەوروبەری تێبگات، زمانزان بێت، نیگەران بێت و دوای هەموو ئەمانەش بمرێت))( کەمال،2011، 42- 43)، واتە ئەگەر مرۆڤ بوون لە جیهاندا پێکبهێنێت ئەوا ئەو بوونە لە سەردەمێکدا بەرەو کۆتایی دەڕوات، بەڵام گرنگە (بوون) تا لە جیهاندایە هەست بە بەرپرسیارییەتی بکات.

**١-٢ بوون لە گەڵ ئەوی تردا و بەرپرسیارییەتی لە شیعری حاجی دا**

بێگومان کاتێک (من) (بوون) بم و بەشێک بم لە جیهان، ئەوا (ئەوی تر) یش (بوون) ە، ئەویش بەشێکە لەو جیهانە، (( بوونی مرۆیی بە بێ جیهان ئەستەمە، چونکە بوونی مرۆیی لە ڕاستیدا "بوون ـ لە ـ جیهاندا "یە، بەڵام ژینگەی مرۆیی بە تەنها جیهان نییە، گەر وا لە وشەی جیهان گەیشتبێتین، کە بریتییە لە جیهانی شتەکان لەبەرئەوەی ژینگەی تایبەتیی ئەو کەسەش هەیە، چونکە بوونەوەری مرۆیی لە کارلێکی بەردەوامدایە لەگەڵ بوونەوەرە مرۆییەکانی تردا، یان گەر بمانەوێ بە شێوەیەکی تر دەریببڕین، ئەوا دەڵێین کە بوونی مرۆیی " بوون ـ لەگەڵ ـ ئەوانی تردا " یە، یان " بوونی تاکەکەسە لەگەڵ تاکەکانی تردا "))، (ماکواری، 2007، 156) بوونی مرۆڤ بەستراوە بە بوونی (ئەوی تر)ەوە، (( بوونی مرۆڤ لە جیهاندا تەنها پێویستی بە ژینگەیەکی ماددی نییە، بەڵکو ژینگەیەکی پێکهاتووی لە مرۆڤیشی پێویستە، واتە من لە جیهاندام لەگەڵ مرۆڤ ڕووبەڕوو دەبمەوە، کە وەك ئەو شتانە نین کە جیهانیان پێکهێناوە، ئەگەر ئەو دەربڕینە ڕاست بێت، ئەوان بە هەمان ئەو شێوەیەی من لە جیهاندا بوونم هەیە ئەوانیش بوونیان هەیە)). (امام، 1982، 120)

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا بژیت و ژیانی مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵگادایە، بوونگەراکان کاتێك بوونی مرۆڤ بە تەواو دەزانن، ئەوکاتەی کە تێکەڵ بە کەسانی دی دەبێت و کارلێك لەگەڵ کێشە و ئازار و ئاواتەکانیاندا دەکات، گومانیش لەوەدا نییە کە (( تاك لە نێو کۆمەڵدا پەیدا دەبێت. کۆمەڵیش خاوەنی نەریت و کەلتوور و بەهای خۆیەتی، کە بە سەر تاکەکاندا فەرزیدەکات. لەگەڵ پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا سترەکچەرێکی کۆمەڵایەتی لە پێشتریش سەرهەڵدەدات، کە تاکی تێدا دەژی و لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لە یەکەم ساتی بوونیەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. لە نێو ئەو سترەکچەرەدا جیاوازی و تایبەتمەندی تاکەکان دەخرێتە پەراوێزەوە و ناسنامەیەکی هەمەکی بە سەر هەموویاندا دەسەپێنرێت. لەم شێوەی بوونەدا تاك تایبەتمەندێتی خۆی دەدۆڕێنێت و دەبێت بە وێنەیەکی لێوەرگیراوی کەسانی دیکە یان (ئەوان)ی دیکە ... )). (کەمال، 2007، 82، 83) نووسەرانیش تاکێکن لە کۆمەڵ، بۆیە ((نووسەر نانووسێت تەنها بەو مەبەستە نەبێت کە بیروڕا و هەست و سۆزەکانی بگەیەنێتە کۆمەڵ، ئەو هەست بە ئاسوودەیی ناکات تا ئەو کاتە نەبینێت کە کۆمەڵگا ئەو ئەدەبە پەسەند دەکات، کەواتە نووسەر بۆ خۆی نانووسێت، بەڵکو بۆ کۆمەڵگاکەی دەنووسێت، کەواتە ئەگەر بۆ کۆمەڵگا بنووسێت بۆچی بۆ سوودی کۆمەڵگا نەبێت؟ ئەم ڕێسایە تەنها ئەو ژمارە کەمەی نووسەران ناگرێتەوە کەوا بۆ کۆمەڵ نانووسن، وەک فرانز کافکا کە لە وەسیەتنامەکەیدا داوا دەکات دەستنووسی چیرۆکەکانی بسووتێنن تا بڵاونەبێتەوە)).( مصطفى و علی، 2000، 48)

بوون لەگەڵ کەسانی تردا لە ژیانی ڕۆژانەدا هەستی پێدەکرێت، هەروەکو (( لەبەکارهێنانی وەسیلەی گواستنەوە و ڕاگەیاندن، وەکو خوێندنەوەی ڕۆژنامە، کەسانی دیکە هەموو لە یەکدی دەچن. بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بوونی دازاین لە نێو بوونی ئەواندا بە جۆرێك دەتوێنێتەوە، کە جیاوازییەکانی نێوانییان ون دەبن و دەستەڵاتی دیکتاتۆری ئەوان دەردەکەوێت. (لە ژێر ئەم بارودۆخەدا) ئێمە خۆشی لەو شتە وەردەگرین، کە ئەوان لایان خۆشە، وەکو ئەوانیش دەخوێنینەوە، دەبینین هونەر و ئەدەب هەڵدەسەنگێنین، ئەوەی ئەوان دەهەژێنێ ئێمەش دەهەژێنێ." ئەوان " کە پێناسێکیان بۆ ناکرێت و هەموون، بەڵام کۆی تاکەکان

نییە، جۆرێك بوون دیاریدەکەن، کە بە بوونی ژیانی ڕۆژانە ناوزەد دەکرێت))، (کەمال، 2007، 321- 322) بۆ زیاتر شیکردنەوە دەتوانین لە پێناسەکردنی (ئەوی تر)دا بڵێین بریتییە لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی (خود) ن، تاك بن یان کۆمەڵ، بۆ نموونە (ئەوی تر) سەبارەت بە ئێمەی کورد بریتییە لە نەتەوەکانی تری جگە لە کورد، بەڵام وەك تاك هەر تاکێك جگە لەوەی پێی دەگوترێت (من) ئەوا دەبێتە (ئەوی تر) بۆ ئەو (من) ە.

هەر کاتێک بۆ بوون لەگەڵ ئەوی تردا لە هونەر و ئەدەبدا بڕوانین، دەبینین (( ڕەگەکانی هونەر بنەمای کۆمەڵایەتین نەک تاکەکەسی، چونکە هونەر لەو بۆنە و مەڕاسیمانەوە سەریهەڵداوە کە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان سازیاندەدا، کەوا سەما و گۆرانی و مۆسیقا و شیعری تێدا کۆ دەکرایەوە، … کەواتە ئەگەر هونەر لە کۆمەڵەوە سەریهەڵدابێت، بۆچی گوزارشت لە ئامانجەکانی کۆمەڵ نەکات و کار بۆ بەرژەوەندی ئەوان نەکات؟ ))، (مصطفى و علی، 2000، 48) دیارە ئەوەی بۆ هونەر دەگوترێت، بۆ ئەدەبیش هەمان شتە، هەروەکو لەو چەند لاپەڕەیەی داهاتوودا هەوڵدەدەین هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی وەك بنەڕەتێك لە بنەڕەتەکانی (بوون لەگەڵ ئەوی تر)دا لە شیعرە کوردییەکانی حاجی قادری کۆییدا ڕوون بکەینەوە.

### 2-2 هەڵوێستی حاجی بەرامبەر کەسایەتییە دیارەکانی ناو کۆمەڵگا :

لەمەوپێش ئەوە ڕوونکرایەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، شاعیریش تاکێکە لە کۆمەڵ، (( نووسەر و شاعیر لە دەستەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگای سەردەم دایە و لە ناوەندە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکاندا دەناسرێتەوە، هەمیشە وا دەردەکەوێت،کە هەوڵی سەرخستنی بزووتنەوەی سیاسی و بیرە دیاریکراوەکان دەدات، تاکو هەندێ جاریش بەشدارە، یان دەستپێشخەرە لەو ڕووداوە کۆمەڵایەتییانە کە لەوڵاتدا ڕوو دەدەن …))، (الحمدانی، 2005، 27) ئەو بەهرەیەی کە شاعیریشی پێدەناسرێت، بریتییە  لە زمانی نووسین، (( زمان ماهیەتی بوونی مرۆڤە، مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە دەرك بە بوونی خۆی و لە بوونی بەرامبەریش تێدەگات. خێراترین ڕێگاش بۆ قبووڵکردنی بەرامبەر و خۆشویستن و تەبابوون لەگەڵیدا، یان بۆ ناسینی جوانییەکانی بەرامبەر لە ڕێگای زمانی شیعرەوەیە، کە زمانی شیعر مانای بوونی خودی شاعیر و خوێنەریش دادەڕێژێت، لە ڕێگای زمانی شیعرەوە وێنە واقیعییەکانی دنیا لە خەیاڵیدا جێگیر دەبێت و وێنە خەیاڵیەکانیش دەبنە هەستێکی واقیعی بەرجەستە))، (شەشۆیی، 2011، 121) هەر بەمشێوەیە ئەگەر چاوێک بە شیعرەکانی حاجیدا بخشێنین، دەبینین ئەو شاعیرە مەزنە لە ڕێگەی زمانێکی شیعری تایبەت بە خۆیەوە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر هەموو کەسانە دەردەبڕێت کە بۆ شاعیر (ئەوی تر) پێکدەهێنن، ئەوەش وەك جۆرێك لە هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی لای شاعیر ئەژمار دەکرێت.

بۆ نموونە لە چەند شیعرێکیدا ستایشی کەسایەتییە دیارەکانی ئەو سەردەمەی کۆیەی کردووە، ئاشکرایە لە کۆنەوە لە کۆیە چەند بنەماڵەیەکی ناودار هەن و تا ئێستاش ماون، کە بریتیین لە بنەماڵەکانی (حەوێزی، غەفووری، بنەماڵەی جەلیزادەکان). هەریەکە لەو بنەماڵانە و کەسایەتییە ناودارەکانیان ڕۆڵیان هەبووە لە بەرەو پێشچوونی شارەکە لە هەموو ڕوویەکەوە، (( پێوەندی حاجی بە ئاغا و کاربەدەستانی سەرەوەی کۆمەڵی کۆیە، بنەماڵەکانی حەوێزی (بە تایبەتی ئەختەر ـ ئەمین ئاغای شاعیر)، هەروەها غەفووری و مەلاکان باش بوو))، (خەزنەدار، 2010، 132) دەتوانین بڵێین ((حاجی قادر بەهۆی خەریکبوونی بە ناودارانی کوردەوە هەرگیز میللەتی کوردی لە بیر نەچۆتەوە، واتە لە یادکردنەوەی تاکە بەرچاوەکاندا نەبووەتە تاکپەرستێك کە میللەتەکە فەرامۆش دەکات))، (محەمەد، 2010، ب.3، 292) ئەو بۆچوونەی مامۆستا مەسعود محەمەد لەوەوە هاتووە، کەوا مێژووی کوردستان بە گشتی و شاری کۆیە بە تایبەتی، ئەوە دەسەلمێنێت، کەوا زۆر لە ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد بەشێک بوون لە تەواوی عەشیرەتەکانیان و هەرگیز خۆیان لە خەڵکەکە جیانەکردۆتەوە، بۆیە ناوهێنانی ئەو جۆرە کەسایەتییە لە شیعری حاجیدا، هیچ واتایەك ناگەیەنێت، جگە لە هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی نەبێت بەرامبەر  شار و وڵاتی خۆی. واتا هۆی ئەو هەڵوێستەی حاجی بەرامبەر ئەو کەسایەتییانەی کۆیە، تەنها بریتی بووە لە ڕێز و خۆشەویستی بۆ گەل و شار و وڵاتی خۆی، هەروەکو لە شیعرەکانیدا (( دەگەین بە سەرەتای قەناعەت بەوە کەوا حاجی قادر لە دوو لایەنی یەکجار گرنگی بەراوردکردنە بڕیاری بێ عەیبی بۆ دەدرێت لەو پێوەندییەی کە بە برا گەورە و سەرۆکەکانی سەردەمی خۆیەوەی هەبووە. یەکەم بە پێی داب و دەستوور و نەریتی کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژگارە کە پێوەندیی ئەوتۆیی لە کەس بە عەیب نەگرتووە بە تایبەتی کە دەزانین حاجی بە هیچ جۆرێك لەو پێوەندییەدا کەمایەتیی نەهێناوەتە سەر خۆی. دووەم لە لایەن ئەوەوە کە دێن هەڵوەستی ئەوسای حاجی بە هەڵوەستی ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆکەش دەگرین لەوان پتر بە مرۆڤێکی ڕێز لەخۆ گرتوو دەچێت))،(محەمەد، 2010، ب. 3، 221) هەروەکو دەڵێ :

*ئەی موحەممەد وەی ئەمین دەولە ئیمرۆ کۆیی تۆ*

*جەنەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوورکەوتەوە* میران و شارەزا، 1986، 118

حاجی ڕووی کردۆتە (ئەمین ئاغای کوڕی حاجی بەکرئاغای حەوێزی) کە کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دیاری ئەو سەردەمەی کۆیە بووە، ((حاجی بەکراغا و ئەمین ئاغای کوڕی، یەك لە دوای یەك، دوو ئەدیب و شاعیری گەورەی سەردەمی خۆیان بوون. حاجی بەکراغا ڕەفیقی کەمر بووە لە عیشقی کتێب و مەیل بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری. ڕەنگە ئەوەندەی کە بۆ کتێبان ماڵ و دارایی خۆی بە خەرجداوە بۆ هیچ مەبەسێکی دیکە سەرف نەکرد بێ))، (محەمەد، 2010، ب. 1، 130 ) ئەمین ئاغای کوڕیشی پەروەردەی ئەو باوکە بووە، لەبەرئەوەی ئەمین ئاغا وەک کەسایەتییەکی ناو کۆمەڵ شوێنێکی تایبەتی لە دڵی حاجی دا بۆ خۆی داگیرکردووە، تا ئەو ڕادەیەی، وەک لەو دێرە شیعرەی سەرەوەدا بینرا، لە کاتی دوورکەوتنەوەی ئەمین ئاغا لە کۆیە، حاجی ڕایدەگەیەنێت کە کۆیە خۆی لە خۆیدا بەهەشتێکە، بەڵام بە دوورکەوتنەوەی ئەمین ئاغا لە کۆیە، وەک دۆزەخێک دەبینرێت، هەروەها جگە لەو کەسایەتییە، (حەماغای غەفووری) یش لەو سەردەمەدا جێگەیەکی دیاری لە ناو کۆمەڵگادا هەبووە، حاجی لە بارەی ئەو دوو کەسایەتییەی شاری کۆیە لە شیعرێکی تریدا دەڵێ :

*دوو ئاغای ماوە وەک بیستوومە ئەخبار*
*ئەمین ئاغا و حەماغای صاحیبی کار*
*ئەمین و پشتیوانی قەصری میللەت*
*نیگەهبانی خەزێنەی دین و دەوڵەت*
*لە دنیادا ئیلاهی هەر بمێنن*
*بنەی بێ ئیتفاقی هەڵقەنێنن* میران و شارەزا، 1986، 254

وەک ڕوونە، حاجی لە دوورە وڵاتەوە هەواڵی هەردوو ئاغای بە ناوبانگی کۆیە، (ئەمین ئاغای حەوێزی) و (حەماغای غەفووری) بیستووە و بە پاسەوانی موڵک و ماڵی میللەتیان دەزانێت، بۆیە ڕووی پاڕانەوە لە خوای گەورە دەکات و نزای تەمەن درێژیان بۆ دەکات، ئەوەش وەك هەستکردنێکە بە بەرپرسیارییەتی، بە هیوای ئەوەی بە بوونی ئەمر دوو کەسایەتییە، دانیشتووانی شاری کۆیە لە خۆشگوزەرانیدا بژین، چونکە ((حاجی لە ڕەفاقەتیی ئەمین ئاغا و حەماغا و حاجی مەلا عەولا لە سوود بەولاوە نەیدیبوو تا بکەوێتە دژی ئەو ڕەفاقەتە، بە پێی باوەڕی ئەو سەردەمەش هیچ کامێك لەوانە خراپەیان نەبووە بۆ گەلەکەیان تاکو حاجی لە ڕێی نیشتمانپەروەرییەوە پێوەندیی شەخسی و ڕەفاقەت لە بیر بکا و بکەوێتە سەر باری دوشمنایەتییان))، (محەمەد، 2010، ب. 1، 23) بۆیە هەر بە ستایش ناویان دەهێنێت، هەروەها لە دەقێکی تردا دەڵێ :

*کەسێ پیاوە کە دانێ وەک (حەماغا)*
*لە بۆ ئەبنایی جینسی نان و خوانی*
*وە یاخود وەک ( ئەمین ئاغا ) بە هیمەت*
*بکا بۆ قەصری میللەت پاسەبانی*
*بڵێ لەمر بەحسە هەرکەس مونکیری تۆن*
*بفەرموو سەهلە ڕێگەی ئیمتحانی* میران و شارەزا، 1986، 147

((لەمر دێرانەدا لەو کاتەی بە گشتی حاجی هێرش دەباتە سەر لایەنە ڕەشبینییەکانی پراکتیکی دەروێشیزمر، لە ناکاو کاربەدەستان و فەرمانڕەوایانی کۆیە یەکێکی وەکو حەماغای غەفووری و ئەمین ئاغای حەوێزی (ئەختەری شاعیر) دەدۆزێتەوە و بە ڕاستی ڕێزییان لێ دەنێ، چونکە چاکەیان بۆ خەڵکی کۆیە بووە))، (خەزنەدار، 2010 ، 182) سەرەڕای ئەوەش وەک دیارە (( مەدحەکەی حەمەدئاغاش بە هیچ جۆرێ بێنی خزمەتگاری لێ نایێ، چونکە هەڵبەستێکی مێوانانە بووە بە خەیاڵی ئارایشتی بەهار و هەڵکەوتێکی یەکجار تایبەتیدا گوتراوە و هیچی دیکەی بە دوادا نەهاتووە، چ سواڵ و پاڕانەوەشی تێدا نییە، وەك دەشبینی لەو قەسیدەیەدا دڵداری پتر هەیە تا مەدح ))، (محەمەد، 2010، ب.1، 196) هەموو ئەو نموونانەش بەڵگەی ئەوەن کە حاجی هەڵوێستێکی تایبەتی بەرامبەر کەسایەتییە ناودارەکانی کۆیە هەبووە، ئەو هەڵوێستەش بەشێکە لە هەستکردنی شاعیر بە بەرپرسیارییەتی وەك بنەڕەتێك لە بنەڕەتەکانی (بوون لەگەڵ ئەوی تر) دا.

### ٣-٢ حاجی و هۆشیار کردنەوەی تاک :

هەردەمر شاعیران لە شیعرەکانیاندا هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵیان داوە، سەبارەت بەو پەیوەندییەی شاعیران بە کۆمەڵەوە دەبەستێتەوە، (د. پەرێز سابیر) دەڵێ: ((پێش ئەوەی لەسەر ئەو ئەرکە بوەستین کە شاعیر خستوویەتیە ئەستۆی خۆی و

تیایدا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەو مەسەلانە دیار بکات کە تایبەتن بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵک، پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە بایەخدانی مرۆڤ هەر لە کۆنەوە بە شاعیر و تەماشاکردنی بە چاوێکی بەرز و پیرۆزەوە لەو ڕۆڵەوە هاتووە کە توانییەتی لە ژیانی کۆمەڵگادا بیگێرێت، ئەمەش ئاماژە بۆ ئەو پەیوەندییە پتەوە دەکات کە شاعیر و پەیوەندییەکی کۆنە ...))، (سابیر، 2006، 491) هەر لەسەر ئەم بنەمایەش هەر لە کۆنەوە گوتراوە، (( ئەرکی یەکەمی سەر شانی ئەدەب و هونەر دروستکردنی هۆشیاری، واتە ـ وعی ـ یە لای جەماوەر، مەبەستیشم لە ــ هۆشیاری ــ ئەوەیە، کە هەموو جەماوەرانی میللەت لە واقیعی خۆیان ئاگاداربن و تێبگەن، بەپێی پێداویستییەکانی ئەو واقیعە هەست بە لێپرسراوی خۆیان بکەن و ئەو ئەرکانە بکەن کە ئەکەوێتە سەر شانیان لە بینینی دەوری خەبات و قوربانیدان بۆ گۆڕینی باری دواکەوتوویی کۆمەڵ و دروستکردنی ژیانێکی باشتر و خۆشتر و بەختەوەرتر ... کەواتە ئێستا ئێمە لەو باوەڕە پووچە دوورکەوتینەوە کە ئەدەب یان هونەر، تەنها بەهۆیەک لە هۆیەکانی ڕابواردن و کات بەسەربردن دابنرێ و لەوەی کە تەنها لە لایەنی بەها و بایەخەکانی جوانییەوە لە ئەدەب بگەین ..))، (میراودەلی، 1981، 62– 63) لێرەدا زاراوەی بەرپرسیارییەتی بە شێوەی لێپرسراویەتی گۆڕا، بەڵام ئەو دوو زاراوەیە هاوواتان و کورتەی مەبەست ئەوەیە، کە دەبێت ئەدەب سوودی هەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکان، هەر بەمجۆرە دەبینین زۆرجار ئەدەب و هونەر ئامانجی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیان هەیە،(( لە دیوانی حاجیدا گەلێ ئێستگەی دانایی و ژیری و دووربینی دەکەوێتە بەرچاو، حاجی وەکو کەسێکی دنیادیدە و هۆشیار خۆی دەخاتە ڕوو، پەند و ئامۆژگارییەکانی لە مێشکێکی تەڕ و پڕ لە زانست و زانیاری هاتوونەتە دەرەوە))، (خەزنەدار، 2010، 153) زۆربەی شیعرە کوردییەکانی بۆنی ئامۆژگاری و هەوڵی پێشکەوتنخوازی لێدێت، هەموو ئەوانەش نموونەن بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی. ((ئەو شیعرانەی حاجی شیعری بە ئاگاهێنان و هۆشیاربوونەوە و هەستان لە خەوی دواکەوتن و جەهل و نەزانینە، کە تیایاندا داوای وەدەستهێنانی زانست و زانیاری دەکات وا نیشاندەدات کە یەکبوونی میللەت ڕێگەی سەرکەوتن و شۆڕشە. هەروەها حاجی باری کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد لە کوردستان لەگەڵ لاباری میللەتەکانی تر بە تایبەتی میللەتە سەربەستەکان و ئەوروپاییەکان بەراورد دەکات و داوای چاککردنی ئایینی و پێشکەوتنی باری زانیاری و کۆمەڵایەتی دەکات بۆ ئەوەی کوردیش بگاتە ڕێزی ئەوان و نەجاتی بێ لەو دواکەوتنە )). (قادر، 2012، 259)

هەر سەبارەت بەو بابەتە لە شیعردا، دەبینین (( شێخ محەمەدی خاڵ ئەو ڕۆڵە کاریگەرییەی شاعیر لە ژیانی کۆمەڵگادا دەتوانێت بیگێرێت، لە پیشاندانی کەموکورتییەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەی و دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەو کەموکوڕییانە دیاردەکات کاتێک دەڵێ : (شاعیر ئەگەر بیەوێ ئەتوانێ بە شیعری ئاگرینی خۆی ئاگر بەر بداتە دڵی هەزاران کەس، وە لە خەوی بێهۆشی بێداریان بکاتەوە. وە کاڵای تەمەڵی و ترسنۆکی داکەنێ لە بەریان، وە بە چەک و قەڵغان و زرێ مەردی و نەبەردی بیانڕازێنێتەوە. شاعیر ئەتوانێ بە پەند و ئامۆژگاری خۆی، ڕەوشت و خووی ناشرین لە دڵان دەربدێنێ و ڕیشەکێشیان بکا و لە جێگای ئەو ڕەوشت و خووی جوان بروێنێ و ئاوی بدا تا ڕیشە دابکوتێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر دەتوانێت بەهۆی ئەو شیعرەی تەعبیر لە ژیانی واقیعی کۆمەڵگاکەی دەکات و بە دەنگ پێویستییەکانی سەردەمەکەیەوە دێت و دەتوانێت ڕێبەرایەتی میللەتەکەی بکات و دەست لەسەر گیروگرفت و کەموکورتییەکان دابنێت و ڕێگا چارەیان بۆ بدۆزێتەوە))، (سابیر، 2006، 514– 515) لە شیعری حاجی دا بە هەمان شێوە ئەو بابەتانە بەرچاودەکەون، بەڵام هۆشیار کردنەوەکە لە چەند شێوەیەکدا خۆی دەبینێتەوە :

### أ. حاجی و ڕەخنەگرتن لە بەشێک لە شێخەکان :

حاجی قادری کۆیی لە دڵسۆزی بۆ گەلەکەی، کۆمەڵێک شیعری لە بابەتی کۆمەڵایەتی داڕشتووە، کە ئەمەش شێوازێکی بەربڵاوی شیعرە، ((بابەتی کۆمەڵایەتیش بریتییە لە دەستنیشانکردنی دەردە کۆمەڵایەتییەکان، وەکو ململانێ و نەخۆشی و نەبوونی و دابونەریتی جۆراوجۆری کۆن و نوێی کۆمەڵایەتی، کە دەبن بە کۆسپ لە ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵ، کە شاعیر بە پێی بیر و بۆچوون و ئایدۆلۆژیای خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتانەدا دەکات))، (طە، 2002، 83 ) ئەو جۆرە شیعرە، ((شیعری کۆمەڵایەتی بەرهەم و ئەنجامی تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتییە، کاتێك شاعیر تێکەڵ بە ئێش و ئازار و نەهامەتییەکانی ناو کۆمەڵگاکەی دەبێت و درك بەم کێشە و گیروگرفتانە دەکات لە ناو کۆمەڵدا، کە وەکو شاعیرێك ئەم هەستەی خۆی بە شێوەیەکی هونەری دەردەبڕێت و لە شیعرەکەیدا گرفتەکانی دیاریدەکات و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات، چونکە شاعیر خۆی بە بەشێك لە کۆمەڵ و گیروگرفتەکانی دادەنێت و دەیەوێت چارەی بکات، کە ئەم هەوڵانەش لای نووسەران و شاعیران و لە هەر سەردەمێك لە سەردەمەکان بە دیار دەکەوێت، چونکە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی هەر لە سەرەتای ژیانەوە هەبووە و لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا درێژەی کێشاوە و هەوڵی چارەسەرکردنیشی هەر بەردەوام بووە ))(مەحمود، 2007، 77)، لە شیعری حاجییشدا چەندین نموونەی

شیعری دەدۆزینەوە کەوا شاعیر بە نیازی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ نووسیوویەتی، ئەوەش جۆرێکی ترە لە هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی.

یەکێك لەم جۆرانەی هۆشیارکردنەوە کە لە شیعرەکانی حاجیدا دەبینرێت، بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی تاکەکان لە ڕەفتاری بەشێک لە شێخەکانی ئەو سەردەمە، هەروەکو سەبارەت بەو بابەتە لە شیعری حاجی دا (محەمەدی مەلا کەریم) دەڵێ: ((حاجی هەر لە سەردەمی فەقێیەتیدا پیاوێکی زیرەك و تێگەیشتووی بەری ئاسۆی بیر فراوان بووە. هەستی وەکو هەستی مەلاکانی تری کوردستان نەبووە. لە یەکەم جارەوە چاوی لە سەر کردەوەی بەدی شێخەکان کردووەتەوە کە لە ژێر پەردەی خواناسی و ئایین پەرستیدا پارە و پوولی ڕووتە و هەژار و کاسبکاران ئەڕووتێننەوە و سەریان لێ ئەشێوێنن و فێری تەمەڵی گوێ بە کاروباری خۆیان نەدانیان ئەکەن. ئەم هەستەی حاجی، پاڵی پێوە ئەنا کە ئاڵای تێکۆشانێکی گەرم هەڵکا لە ڕووی ئەم شێخی ئایین فرۆشانەدا، وە بە قسە و بە هەڵبەست لە گەڵیان تێهەڵچێ، بەڵام چونکە بیری خەڵکی لەو حەلەدا زۆر نزم بوو، حاجی لایەنگرییەکی وا نەکرا))، (مەلا کەریم، 2008، 18) هەربۆیە لە شیعرەکانی حاجی دا (( ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ، دووبارەبوونەوەی واژەی (شێخ)ە لە زۆربەی ئەو قەسیدە و غەزەلانەی، کە دەتوانین بە واژەی باو و بڵاوی دیوانەکەی ئەو بیانژمێرین، چونکە حاجی زۆر داخی لە دڵدایە بەرامبەر ئەم چینەی کۆمەڵگاکەی، کە لەو سەردەمە ببوونە هۆی دواخستنی کۆمەڵگا و چەوساندنەوەیان، سەرباری چەوسانەوەیان لەژێر دەستی بێگانە، بیر و بۆچوون و ڕۆشنبیری حاجی قادر هەرگیز لەگەڵ بیر و بۆچوونی جاهیلانە و تەفرەدەرانەی شێخەکان نەدەگونجا … کێشەی حاجی قادر لەگەڵ شێخەکان و ڕیسواکردنیان وەنەبێ هەموو شێخەکانی سەردەمی خۆی گرتبێتەوە، چونکە حاجی قادر کە خۆی دەرچووی مزگەوت، و ڕۆشنبیری بیناغەیی لە مزگەوت وەگیرخستبێ، ناکرێ دژایەتی ئەم چینە بەم ڕژدییە بکات و دواتریش لەگەڵ لۆژیکی (مەنتیقی) موسوڵمانەتیش ڕێك ناکەوێ، چونکە هەرگیز شێخی ڕاستەقینە فروفێڵ لە جەماوەری هەژارو فەقیران ناکەن و دەسخەرۆیان ناکەن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان))، (قادر، 2012، 310– 311) هەروەکو دەڵێ :

*سەیری ناکەن طائیفەی ئەو شێخەکان*

*وەک صەحابەو عادەتی پێشینان*

*ڕووت و پێ خاوس بە زەرگێک و مەتاڵ*

*باوکی بۆ دوو پوول دەردێنێ لە چاڵ* میران و شارەزا، 1986، 203

لێرەدا وەسفی ئەو شێخانە دەکات کەوا ئەوەندە چاوچنۆکن تەنانەت باوکی خۆیان لە ناو گۆڕ دەردەهێنن و دەیفرۆشن، کەسانێک ئەوە سیفات و ڕەفتاریان بێت، ناشێت تاکەکانی کۆمەڵ ئەوەندە سادە و ساکار بن، باوەڕیان پێبهێنن و بە ڕابەر و پێشەوای خۆیانیان بزانن، ((حاجی لەو کاتەوەی کە ڕەخنەیێکی توندوتیژی لە هەموو میراتی دەرەبەگایەتی بە ڕەوشت و نەریت و پڕوپووچی سەدەکانی ناوەڕاستی وەکو خورافات و شێخ و دەروێشی دەگرت و لە زۆر لە هەڵبەستەکانیدا ئەو ڕەخنەیەی وەك هێرشێکی کاریگەر دەربڕیوە))، (شارەزا و جەباری، 1974، 31) چونکە بە ڕای حاجی، ئەو کارانەی شێخەکان دەیکەن تەنها بۆ بەرژەوەندی دونیایە و هیچ شتێکیان بۆ ئایین نەکردووە، هەروەکو دەڵێ :

*شکلی تەکیە و خانەقاهی شێخەکان*

*واقیعا ڕەنگینە ئەمما بۆ ڕییان*

*لەم هەموو شێخ و موریدانەی خودا*

*فەردەکی ناچێتە مزگەوتی خودا*

*مەسجید و میحراب و مینبەر و بێ کەسە*

*هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە* میران و شارەزا، 1986، 199

تەکیە و خانەقای شێخەکان تەنها بۆ ڕیا دروستکراوە، ئەگینا ئەو شێخانە هیچیان بۆ نوێژ و تاعەت هاتوچۆی مزگەوتەکان ناکەن، بۆیە دەبینی مزگەوت و میحراب و قوتابخانە ئایینییەکان چۆڵ و بێناز ماونەتەوە.

لە لایەکی تریشەوە (( ئەم دژایەتییەی حاجی بەرامبەر بە ناڕاستی و ناڕەوایی و زۆرداری چەوساندنەوەی ناو کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی، لە دوایدا وەکو کە دەبینین، لووتکەیەکی بەرز و بە جۆش و خرۆشێکی بێ سنوور، هەستێکی پاکی ئەوەندە لە ناخەوە هەڵقوڵاو لە دوژمنایەتییەکەی لەگەڵ (شێخ نبی ماویلی) دا دەنوێنێ کە کردارەکانی ئەو شێخە لەو کاتەدا نموونەی هەموو زۆرداری و ناڕەواییەکەی ئەو کۆمەڵگایە بووە و هەموو ڕەنگ و چەشن و شێوەکانی جەور و ستەمی سەردەمی تێدا کۆبۆتەوە،

حاجی بەوپەڕی توندی و تیژییەوە دژی ڕاپەریووە ))، ( دلێر، 1989، 55) ئەوەتا لەمبارەیەوە ڕەخنە لە دانیشتوانی كۆیە دەگرێت و بە ئاگایان دەهێنێتەوە و دەڵێ :

*گەلێ ساڵە ئەهالی شارەكەی كۆ*

*شەو و ڕۆژی لەگەڵ شێخانی بێ پۆ*

*میثالی ئاگر و ئاگرپەرستن*

*دەسووتێن و هەمیسان دەیپەرستن*

*لە عەهدی ( كەر نەبی) تا دەوری ( گا كوێر)*

*لە گوێی گا نووستوون زۆر حەیفە بۆ شێر* میران و شارەزا، 1986، 258

واتە چەند ساڵە خەڵكی كۆیە وەک پەرستن ئەو شێخانە دەپەرستن، زۆر حەیفە ئەوانەی كە وەک شێر وا بوون ئێستا ئەوەندە بێئاگان و لە لایەن شێخەكانەوە كڵاویان دەكرێتە سەر، وەک باسدەكرێت، ((شێخ نەبی ماوەیلی دەوری گرنگی بووە لە بەربەرەكانێ كردنی حاجی و تەنگەتاوكردنی تا پلەیێك وڵات بەجێ بێڵێ و ئاوارەی وڵاتان بێ. ئەم شێخ نەبی ماوەیلییە مەلایێكی باش بووە، لە ڕەواندز خوێندویەتی و لەوێ ژیاوە. شێخی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، ماڵی لە كۆیە بووە، ئامادە بووە هەرچی خراپە بووە بیكا بۆ بەرژەوەندی خۆی و دابینكردنی دەوڵەت. بێگومان هەڵوێستی كەسێكی وا بەرامبەر بە بلیمەت و ڕاستگۆ و نیشتمانپەروەر و لەخۆ بردوویێكی وەكو حاجی لە كاری خراپە بەولاوە بەرامبەری هیچی دیكە نابێ))، (خەزنەدار، 2010، 132) ئەو دووبەرەكانییەی نێوان حاجی و شێخ گەیشتۆتە ڕادەیەک كەوا چارەسەر نەكرێت، چونكە ((كۆمەڵایەتی شاری كۆیە بەهۆی پەرەسەندنی چەوساندنەوە، جەور و ستەم و لە سەرووی هەمووشیانەوە فێڵ و تەڵەكەبازی (شێخ نەبی ماویلی) بە ڕادەیەك گەیشتبێ كە حاجی نەیتوانیبێ بەرامبەریان بێدەنگ بێ، خۆ لە خەڵكی زۆرلێكراو پێ جودا نەكرابێتەوە و ناچاربوونی لە سەریان هەڵبداتێ. لە ئەنجامی ئەم هەڵوێستە مرۆڤایەتیەدا بە هاندانی (شێخ نەبی ماویلی) و كەسانی دیكەش كە بوونی حاجی قادریان لە كۆیە بۆ قووت نەدراوە، حاجی قادرێكی كە خاوەنی ئەو كەسایەتییە بووبێ كە ئەو هەیبوو. شارەكە، ئەو شارەی كە حاجی بە ڕادەیەكی یەگجار زۆری خۆشدەویست، لە حاجی كرا بێ بە (دۆزەخ) و حاجی لە شارەكە دەرپەڕێندرێ و روو لە توركیا و ( ئەستەمبۆڵ) بكا))، (دلێر، 1989، 80، 81) دەتوانین بڵێین ئەگەر حاجی هەستی بە بەرپرسیارییەتی نەكردبووایە بەرامبەر گەل و وڵاتی خۆی، هیچ پێویستی بەو دژایەتی كردنەی شێخ نەبی و كەسانی هاوشێوەی ئەو نەبووە، بەڵام ئاشكراشە ئەو دژایەتییەی حاجی لەگەڵ تێكڕای شێخەكان نەبووە، بەڵكو بە پێچەوانەوە ((حاجی وە نەبێ ڕقی لە شێخەتی و ڕاستەقینەیی شێخەتی هاتبێتەوە، ئەگەر وابوایە پڕ بە دەم بانگی قوتابیەتی بۆ (مەولانا خالید) نەئەدا و بەو هەموو ئیحتیرامەوە ڕووی تێ نەئەكرد و پێی نەئەوت :

*مەعدەنی عیلم و عالم و عامل*

*قوتبی دەوران و مورشیدی كامل*

*هەر لە ئەووەڵ جەنابی مەولانا*

*نەقشبەندی ڕەواقی ئیللەڵڵا....*

مەبەستی لە بەربەرەكانییەكەی لەگەڵ شێخەكانا، شێخیەتی ئەو شێخانە بووە كە هەموو ئامانجێكیان دونیاپەرستی و مەردم هەڵخەڵەتاندن و دووركەوتنەوەیان بووە لە ڕێگەی حەقیقەت و جڵەویان گرتووە بە دەستەوە و ڕایان كێشاون بۆ چاڵی هەژاری و نەخۆشی و نەزانی. سەرەڕای ئەمەش ناوی خۆیانیان ناوە شێخی دەستگیر و قوتب))، (سەجادی، 1391 هـ، 344 ـ 346) واتە دژایەتی بەشێک لە شێخەكانی كردووە و ئەو دژایەتییەشی بەهۆی ئەوە بوو، (( ئەو ڕۆژەی كە حاجی تیا ئەژیا، وەكو ئێستا گەل وریا نەبووبووەوە. جڵەوی بەڕێوەبردنی كاروباری بە دەسی خۆیەوە نەبوو تا بتوانێ چارەسەری دەردی خۆی بكا. گەورە و ئاغاكان و مەلا و شێخەكان و دەوڵەندبوون. ئەمانەش و دەوڵەمەندەكان و دەم سپی و پیاوماقووڵ و سەركردە بوون. ئەمانەش چونكە لە چوارچێوەی سوودی تایبەتی خۆیان نەئەچوونە دەرەوە و هەستیان بە ئازار و ئاواتی ڕەش و ڕووتی كورد و زۆربەی خەڵكی كوردستان نەئەكرد ...))، (مەلا كەریم، 2008، 129) حاجی وەك خەمخۆرێك بۆ هاونیشتمانی و هاوشاریانی خۆی هەستی بە بەرپرسیارییەتی كردووە و هەوڵیداوە خەڵك لە فێڵ و تەڵەكەبازی ئەو كەسانە ڕزگار بكات.

لە كۆتایی ئەو باسەدا دەتوانین بڵێین حاجی ئاواتی ئەوە بووە خەڵک هۆشیار بكاتەوە لە بەرامبەر ڕەفتاری ناڕەوای كەسە بەدكارەكان، لە زۆر دەقی شیعریدا دەردەكەوێت كە ((دژی كۆڵكە مەلا و شێخ و مێخی جامباز و سەركردە و فەرمانڕەوای دڵڕەق و پیاو خراپ بوو. حاجی سەری خۆی هەڵگرت و ڕووی كردە ئەستەمبووڵ و بڕیاریدا تا جەردە و ڕێگر و پیاوكوژ و پارەپەرست بمێنن

ئەو نەگەڕێتەوە. بە ئاوارەیی و لە ئەستەمبووڵ سەری نایەوە و نازانرێ لە کوێ نێژراوە)). (خەزنەدار، 2010، 193) ئەم دەقە شیعرانەی حاجی نموونەیەکن بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی، لەبەرئەوەی حاجی قادری کۆیی شاعیرێکی نەتەوەیی بووە و هەرکاتێک ((جەور و ستەمێك کە لە نەتەوەکەی دەکرا ئاگر لە مێشك و دەروونی بەربدا، دژی جەور و ستەم و ناهەقی و ناڕاستی و ناڕەوایی و چەوساندنەوەی مرۆڤ بووە. خۆشەویستنی بۆ مرۆڤ و بۆ خەڵکی هەژار و ئیشکەر و بازووەشێن و بار بە کۆڵی شارە بچکۆلانەکەی و دەوروپشتی، وەهای لێکردووە بە گشتی و بە قووڵی دژی زۆرداری و چەوساندنەوە بێ))،(دلێر، 1989، 54) هەر بەمهۆیەوە دەبینین لە قۆناغێکدا شێواز و بابەتی شیعرەکانی دەگۆڕێن و دەستدەداتە جۆرێک لە شۆڕش دژی ئەو کەسانەی گەل دەچەوسێننەوە، ((حاجی لە دەوری غەرامییاتدا ماوەیەك خۆی خەریك ئەکا، لە پاشا ئەو پەردەیە دائەداتەوە و پەردەیەکی تر هەڵئەداتەوە، تەماشا ئەکا لەودیوی ئەم پەردەیە سینەمایەك ئیش ئەکا، شریت و هاڵوهەواڵی کۆمەڵایەتی پیشانئەدا. ئەم فیکرە خەیاڵییە شعووری حاجی ئەگۆڕێتەوە بە شعوورێکی تر و تەلی عاتیفەی بە ئاوازێکی تر دەنگ ئەداتەوە. سەیر ئەکا شیرازەی ئیش لە بەر یەك هەڵپچراوە، هەرکەسە  بۆ خۆیەتی، ئەوانەی کە لە کاروباری ژیانی تێکراییدا سەر ڕستەیان گرتۆتە دەست، بێجگە لە ڕێی تێکدان و تەئویلکردن، هیچ پێشڕەوییەکی تریان بۆ مەردم نییە ...

*قسەیەکم هەیە مەڵێن بێ تەجرەبەیە*

*با وجودی ئەوی نادانە لە لای وەک گەمەیە*

*موقتەزای ئاب  هەوای خاکی دیاری ڕۆمە*

*ئەهلی سووتاوی مەیە، بەستەیی ئاوازی نەیە...*

بەمجۆرە باسی کۆیلەیی و هەژاری مەردم ئەگێڕێتەوە و چۆنیەتی هاڵوهەواڵی ئەو دەورەیشمان پیشانئەدا و لە پاشا ئامۆژگاریش ئەکا ئەڵێ، بۆ ئەوە لەم ئیشە تێبگەن، ئەم برە شیعرەم لەبەرکەن))، (سەجادی، 1391 هـ، 345، 346 ) لەو ڕێڕەوەدا بەردەوام دەبێت و چەند دەقێکی شاکار لە شێوەی یاخی بوون دژی ئەو جۆرە کەسانە دەهۆنێتەوە، کەوا زۆربەیان لە ڕێگای ئایین و هەندێ دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە کڵاویان نابووە سەر تێکڕای گەل، هۆی هەرە سەرەکی ئەو هەڵوێستەشی ئەوە بوو کە (( کوردستانی ئێمە بەر لەوەی بکەوێتە ژێر چنگی عوسمانییەکانەوە بە هەزاران مەلای زانای بەناوبانگ و مەدرەسەی پڕ لە فەقێی تێدا بوو. زاناکانی کوردەواری دەورێکی گەلێ دەرکەوتوویان یاری ئەکرد لە پەرەپێدانی عیلمی ئیسلامیدا...، بەڵام کە دەوڵەتی عوسمانی هاتە ناوەوە، وە ویستی دەست بکێشێ بەسەر کوردەواریدا و ئەویش قووت بدا، بۆی نەکرا بە ئاسانی بەم مەرامەی بگات. بە هەڵخەڵەتاندنی هەندێ مەلا و بە ئاشووب نانەوە لە بەینی گەورەکاندا لە سەرێکەوە. وە بەهێزی سوپا لە سەرێکی ترەوە، کە ناوچەیەکی داگیر ئەکرد گورج سیاسەتی کەمکردنەوەی خوێندەواری و وشکردنی زانیاری و دروستکردنی دەیان تەکیە و خانەقای ئەگرتە بەر. مێژووی کوردستان لە ماوەی حوکمی عوسمانیدا ناوی دە کتێبی بەناوبانگمان پیشاننادا کە مەلاکانی کورد لە عولومی ئیسلامییدا نووسیبێتیان کەچی لە پێشا سەدان کتێبیان دائەنا ))، (مەلا کەریم، 2008، 53، 54) حاجی دواکەوتنی گەلی کورد لەم قۆناغە مێژوویەدا لە ناوچەوانی ئەو جۆرە شێخ و مەلایە دەزانێت، بۆیە وەك شاعیرێکی دڵسۆز بۆ گەل و وڵاتی خۆی، هەست بە بەرپرسیارییەتی دەکات بەرامبەر خەڵکەکە، ناتوانێت بێدەنگ بوەستێت. دەتوانین بڵێین، ((حاجی سیاسی زانێکی سەردەمی خۆی بووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، گوێ لێبگرن بزانن چۆن باس ئەو داش دامانەت بۆ دەکا، کە حوکمی عوسمانی داگیرکەر، ڕژێمی بۆگەنی خۆی پێ ڕاگرتبوون و ئەوانەی لە کوردستان بە گژ میللەتەکەدا کردبوو بەو ناوەوە کە کردبوونی بە دەردی حاجی گوتەنی (وەزیر و وکەلا) :

*ئەم سەگانەی کە لە لای ئێوە وەزیر و وکەلان*

*بێنە لای تۆ بە خودا نایکەن بە گاوان و شوان ))  ( دلێر، 1989، 218)*

یاخی بوون و بەگژداچوونی حاجی بۆ ئەو جۆرە کەسانە، گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە بە سەگ ناویان دەبات، چونکە بە شایستەی ئەو پلە و پایەیان نازانێت کە پێیاندراوە. ئەگەر بپرسین چ جۆرە هۆشیارکردنەوەیەک لەو شیعرانەدا دەبینرێت؟ لە وەڵامدا دەگوترێت، (( بێگومان هۆشیارکردنەوەی چینی زۆرینەی میللەت، کە چینە هەژارە چەوساوەکەیە لە دەست داگیرکەری فەرمان بەدەست و دار و دەستەکەی لە چینی دەرەبەگ و ئەوانەی لە ژێر پەردەی ئایینەوە میللەتیان دەچەوساندەوە دەستخەڕۆیان دەدان )).( قادر، 2012، 341) هەروەکو مەسعود محەمەد لەمبارەیەوە دەڵێ : (( دەتوانم دان بەوەدا بنێم کە دوشمنایەتی حاجی لەگەڵ شەعبدەی شێخی عەوام خەڵەتێن بەهۆی ئەم ناکۆکییە سەختە کاریگەریی نێوان حاجی و شێخ نەبی هێندە بەهێز و بنج داکوتاو بووە لە دڵ و دەروونی حاجیدا تەجرەبەی شەخسیی حاجی لە لایێکەوە، کارە ناڕەواکانی شێخی ماویلی لە لایێکی ترەوە بوون بە

(ئەستێ و قاوت)ە کە بڵێسەی دوشمنایەتی و نەیاریی لە هەست و نەستی حاجیدا هەڵایساند بەرامبەر بە شێخایەتی درۆزن))، (محەمەد، 2010، ب.3، 94) ئەمانەش نموونەی شیاون بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی لە شیعری حاجی دا.

لەو چەند دەقە شیعردا دەردەکەوێت، حاجی ئەوەندە دڵسۆز و خەمخۆر بووە، (( وەکو پزیشکێکی وریا، زۆر باش دەردی کوردی پێ دیاری کرا بوو، وە ئەیزانی لەمەوپێش دەرمانێکی چەند بێکەڵکیان بۆ دۆزیوەتەوە کە هیچ چارێکی ناکا. جا دێت بێسوودیی ئەو دەرمانانە باس ئەکا و پاشان دەستی میللەتی کورد ڕائەکێشێ و چارەی ڕاستەقینەی دەردەکانی پیشان ئەدات. ئەوە بوو خەڵك لە سەردەمی حاجیدا، لە بریتی خۆ چەکدارکردن بۆ بەرهەڵستی بێگانە، وە لە باتی هەوڵ و تەقەلادان و فێربوونی سنعات بۆ بەرزکردنەوەی پلەی ژیانیان، هەموو هیمەتێکی خۆیان دا بووە سەر وێرد و ئەوراد و دوعا خوێندن، تا دوژمن زاڵ بوو بە سەریانا ڕۆژ بە ڕۆژیش وەزعی ژیانیان خراپتر ئەبوو. حاجی کە دێت لەم بابەتەوە خەڵك وریا ئەکاتەوە، ئەوەیان ئەخاتەوە یاد کە پێغەمبەر (د.خ.) لە ژێر سایەی شیر و تیرا توانی ئایینی خۆی بسەپێنێ و خۆی و یارانی لە دەستدرێژی دەستدرێژکەران بپارێزێ نەك بە دوعا خوێندن :

*قەسری دین بنج و بناغەی مەحکەمی*

*شیر و تیرە دیرەك و تاق و خەمی*

*موسبەتە فەرمووی حەبیبی کیبریا*

*من نەیی شیرم لە مەیدانی وەغا )) ( مەلا کەریم، 2008، 107)*

هەروەک لەو دەقەی سەرەوە و دەقی شیعری تیریشدا دەبینرێت حاجی، ((بۆ چاکردنی ئەو دەردە و نەزانی و دواکەوتنەش، دەرمانی خەبات و کۆشش و فیداکارییان بۆ دەست نیشان دەکات و دەڵێ :

*لازمە خول بخۆی وەکو بەرداش*

*هەموو قەرنێ دەگۆڕێ ئەمری مەعاش )) (شارەزا و جەباری، 1974، 32)*

واتە پێویستە زانیارییەکان لەگەڵ سەردەمدا تازە بکرێنەوە، چونکە بەردەوام ژیان لە گۆڕانکاریدا بێت.

هەموو ئەو نموونانەی لە ژێر ئەو ناونیشانەدا کۆکرانەوە بەڵگەی ئەوەن کە حاجی قادری کۆیی، هەردەم هەوڵیداوە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی گەل و ئەو حاڵەتەش وەک جۆرێك لە هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی ئەژماردەکرێت.

- *هەوڵدان بۆ خوێندەواری و ڕێزگرتن لە زمانی کوردی:*

حاجی قادری کۆیی لە بەشێك لە شیعرەکانیدا هانی خوێندەواری دەدات، ئەو هەڵوێستەی وەک شۆڕشێک وابووە لەو سەردەمەدا، وەك لە نموونە شیعرییەکانی حاجیدا دەبینرێت، ((حاجی تەنیا نیشتمان پەروەرێکی شاعیر نەبوە، بەڵکو خاوەندی ئامانجێکی میلی بەرز و بەرێ و جێ بوە، ڕێگەی سەرکەوتن و پێشکەوتنی خستوەتە بەرچاوی ملت، پێویستی خوێندن و چوونە مکتبی بیرخستونەوە و بۆ فێربوونی خوێندن و نووسینی کوردی هانی داون))،(حلمی، 1988، 104) هەروەکو دەبینین گرنگییەکی زۆری بە خوێندن داوە، لەمەشدا هەستی بە بەرپرسیارییەتی کردووە:

*تۆ وەرە فێربە چیتە لەوە*

*گاورە، هیندو وە یاخۆ جووە*

...

*ئەهلی جەنتەت نە شوانە و نە گاوانە*

*صاحێبی فەنن و علم و عیرفانە     میران و شارەزا، 1986، 187*

حاجی لێرەدا گازاندەی لەوەدا هەیە کەوا کوردەکان لەو سەردەمەدا ئەوەندە سادە و ساویکە بوون و بە پەسەندیان نەزانیووە لە نەتەوەکانی ترەوە فێری زانست و زانیاری بن، پێیان دەڵێ: (( تۆ وەرە فێری فەننی خاوەن فەن ببە، چیتە لەوە ئەو خاوەن فەننە لە بەینی خۆی و خوای خۆیا گاورە یا هیندۆکە یا جوولەکەیە))،(مەلا کەریم، 1989، 253) لەو سەرزەشتکردنەدا بەردەوام دەبێت تا ئەوەی دەریدەخات کە تەنها خاوەن زانست و زانیارییەکان دەستیان بە بەهەشتی خودا دەگات، عەیب و شوورەییە بۆ ئێمە لە ناو هەموو نەتەوەکاندا تەنها کوردەکان لە خوێندن و نووسین بێبەشن.

جگە لەو دەقەی سەرەوە لە زۆر دەقی تریشدا هەمان بۆچوون دەبینرێت، هەروەکو دەڵێ :

*بۆچی فەرموویەتی نەبی ئەمین*

*أطلبو علمکم و لو بالصين*

*ئێر و من لەم حەدیثە فەرقی نییە*

*گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە   میران و شارەزا، 1986، 186 - 187*

واتە حاجی دژی ئەم بۆچوونەیە کە پێیوایە خوێندن تەنها بۆ ڕەگەزی نێرە، بەڵکو (( خوێندنی بە پێویستی هەموو ئادەمیزادێك ئەزانی وەك خواردن و خواردنەوە ... بۆمان دەرئەکەوێ کە حاجی چەند بیری ڕووناك و چەندە مێشکی ئازاد بووە کە بە ئاشکرا داوای فێرە خوێندن کردنی ئافرەتی کردووە و بەوەشەوە نەوەستاوە مۆری لە ئایین دەرچوونی ناوە بە ناوچەوانی ئەو کۆلکە مەلایانەوە کە خوێندەواری ئافرەتیان بە حەرام دائەنا و نەیانئەهێشت ئافرەت ڕێگەی چوونە قوتابخانەیان بدرێ ))، (مەلا کەریم، 2008، 24) بە پێچەوانەوە داوا دەکات گەلی کورد هاوشێوەی تێکڕای گەلانی دونیا هەوڵی خوێندەواری بدەن، چونکە هەر کوردە لە خوێندن و نووسین بێبەشە، ئەوەتا دەڵێ :

*هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت*

*بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت*

*بێگانە بە تەرجەمەی زوبانی*

*ئەسراری کتێبی خەڵقی زانی*

*یەکسەر عولەما درشت و وردی*

*ناخوێننەوە دوو حەرفی کوردی میران و شارەزا، 1986، 263*

هەر شیکردنەوەیەک بۆ ئەو دەقە بکەین، لە شیکردنەوەکەی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) جوانتر ناپێکین، کە سەبارەت بەو دەقەی سەرەوە دەڵێ: (( ئەم شاعیرە ئیجتماعییە هەرچی موتەعەلیق بە قەومیەت و وەتەنیەت بێ نەزمەن بەیانی کردووە. حەقیقەتەن کوردەکان تا ئیمڕۆ نوسینێکیان بۆ خۆیان نەهێنایە ناوەوە و موحتاجی خەڵق بوون. حەتا کیتابەتی خۆیان تەرك کردووە. بە لوغەت و خەتی فارسی مەرام پێك دێنن)). (ساڵح و ساڵح، 2007، 95) ئەو حاڵەتە بووە بە جێگەی پرس بۆ حاجی، بۆیە هەست بە بەرپرسیارییەتی دەکات و هاوار دەکات تا لە خەوی بێئاگایی بە ئاگایان دەهێنێتەوە و داوای خوێندەواریان لێدەکات.

حاڵەتێکی تر کەوا لێرەدا پێویستە لە سەری بوەستین ئەوەیە، لەو سەردەمەدا ئەگەرچی هەوڵێک بۆ خوێندەواری لە مزگەوتەکاندا هەبووە، بەڵام ئەو خوێندنە لە ئاست هیوا و ئاواتی دڵسۆزانی وەک حاجی نەبوون، چونکە (( لە سەردەمی حاجیدا باری خوێندەواری لە کوردستانا لەسەر شانی مەلا و فەقێکان بوو. ئەوان بوون تاقمی ڕووناکبیری ناو نەتەوەی کورد، بەڵام ئاخۆ خوێندنەکەیان خوێندنێ بوو لەگەڵ گیانی ئەو دەمەدا بگونجێ؟ خوێندنێ بوو کە سوودێکی بۆ زۆربەی خەڵکی هەبێ و بارێکی سەر شانی ڕەش و ڕووتی کوردەواری سووک بکا و تیماری دەردێکی کۆمەڵایەتییان بۆ بکا؟ بێگومان نە، مەلا و فەقێکان ساڵەهای ساڵ عمری عەزیزی خۆیان لە مەعنا لێدانەوەی قسەی پیرەژنە عارەبێك و مەتەڵی مەلایەکی خۆمان و فێربوونی نەحو و سەرف و هەندێ لە بە ناو فەلسەفەی یۆنانییە کۆنەکانا و لە باسی چۆنیەتی تارەت گرتن و دەستنوێژ شۆشتن و ئاو بە دەم و لووتا ڕادان ئەبردە سەر، بێئەوەی هیچ بەشدارییەکی ئیجابی بکەن لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکا. حاجی بە دڵێکی پڕ لە داخەوە لەم بابەتەوە ڕوو ئەکاتە مەلاکان و پێیان ئەڵێ :

*حەیفە بۆ مەردی ساحیبی تەمییز*

*هێندە باسی مەکانی پیسی و میز ... )) (مەلا کەریم، 2008، 79)*

لێرەدا گلەیی لەوە دەکات کەوا لە جیاتی ئەوەی زانا ئاینییەکانمان زانست و زانیارییەکی تازە فێری گەل بکەن، بە دوای بیری دواکەوتوو دەکەون، پێیوایە دەبوو ئەوانە وەک ڕابەر و پێشەوایەک بە دوای زانست و زانیاری تازەدا بگەڕێن و بیگەیەنن بە تێکڕای گەل، ((ئەنجا دێتە سەر ئەوە کە مەلاکان چونکە هەموو عومری خۆتان لە باسی بێکەڵك و بێ سوودا نەبەنە سەر و هیچ پیشەیەك فێر نابن کە لە سایەیا بژین ...

*عولەمامان بە قەولی بێ سەروپا*

*پاکی خنکا لە بەحری وشکی هەوا  (مەلا کەریم، 2008، 80، 81)*

دیسان هەوڵی هۆشیارکردنەوە دەدات، ((دەڵێ زاناکانمان خەریکی قسەی بێ سەروپا بوون، خۆیان فێری هیچ سنعەتێك نەکرد. گەورەکان تاوانبار و دوژمنی دەوڵەت بوون، کەچی حاجی (کوێر) و (لاڵ) ێك لە ناو ئەمانەدا جیا دەکاتەوە، مەبەستی لە کوێر

پاشا کوڕەی ڕەواندزە، لە لاڵ یش عبدالرحمن پاشای بابانە گۆیا ئەمانە لە میرنشینەکانی خۆیاندا بایەخیان بە مزگەوت و خوێندنی حوجرە داوە و بەهۆیەوە مەلای چاك لە ناوەوە بوون)). (خەزنەدار، 2010، 185)

حاجی قادری کۆیی وەک دڵسۆزێک هەست بە بەرپرسیارییەتی دەکات و داوای هەوڵدان بۆ خوێندەواری لە گەلی کورد دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەها و نرخی زمانەکەی خۆی بەرز دەکاتەوە، (( حاجی باس لە دواکەوتوویی دەکا لە ڕووی خوێندەوارییەوە بێگومان بۆ ئەو ڕۆژگارە حاجی ڕاستەدەکا. پلەی خوێندەواری زۆر نزم بوو. بە تایبەتی لە ڕووی زمانی کوردییەوە، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە حوجرەی مزگەوت ئێوەندی خوێندەواری بوو لەوێش تەنیا زانستەکانی شەریعەتی ئیسلام و زمانی عەرەبی دەخوێندرا و زمانی کوردی و نووسینی کوردی لە کولەکەی تەڕیشدا لە ناوەوە نەبوو))، (خەزنەدار، 2010، 183) بۆیە لە چەند دەقێکی شیعریدا ڕووی ئامۆژگاری دەکاتە تاکەکانی کۆمەڵ و داوایان لێدەکات هەوڵی خوێندەوار بوون بدەن و قەدری زمان و ئەدەبی کوردی بگرن، وەك دەڵێ :

*میثالی فەرخەیی (ژیشك) کە پێی دەڵێ دایکی*
*ئیلاهی قاقومە یا خەز، سەمموورە یا دیبا*
*شەبیهی جووڵە کە ڕازی نەبێ بە سەردڕی خۆی*
*مەڵێن فەصاحەتی کوردی بە فارسی ناگا*
*بەلاغەتێکی هەیە، هیچ زوبانێ نایگاتێ*
*لە بێ تەعەصوبی کوردانە بێ ڕەواج و بەها*
*کە خۆتی تێ نەگەیێنی، لە نیکتەکانی نەگەی*
*دەڵێی هەمووی هەزەیانە، خودا بەڵای لێ دا*
*بەڵام ئەوانی کە صەڕڕافی زێڕو زیوی قسەن*
*بە شەهـ ڕەوایی دەزانن، چ سککەیێکە ڕەوا   میران و شارەزا، 1986، 36 ـ 37*

لەو چەند دێرە شیعرەدا شاعیر ڕووی گازاندە دەکاتە کۆمەڵ و نموونەی (ژووشک) یان بۆ دەهێنێتەوە، کەوا چۆن بەچکەکانی ئەو گیاندارە هەرچەندە سروشتێکی دەگمەنیان هەیە و سەراپای لەشیان بە جۆرە دڕکێک داپۆشراوە، بەڵام هەردەم لای دایکیان بەرز و خۆشەویستن و بە هیچ ئاسک و سمۆرەیەکیان نادات، پێویستە ئێمەش ئەوها قەدری زمانی خۆمان بزانین و پێمان وا نەبێت کەوا زمانی کوردی لە ئاست زمانی بێگانەی وەک فارسی دا نییە، حاجی زمانی کوردی وەها بەرز دەبینێت، پێیوایە لە ڕەوانبێژییدا کە هیچ زمانێکی پێ ناگات، بەڵام بەداخەوە لەبەر نەزانی کورد خۆیەتی کە قەدری ئەو زمانە نازانن، هەروەکو چۆن تەنها زێڕینگەر و زیوگەر قەدری پارچە زێڕ و زیوەکان بچووکەکان دەزانن، ئێمەش کاتێک شارەزای زمانەکەمان بین، ئەوا وەک زێڕ بە چاوێکی بەرز سەیرمان دەکرد. هەروەها لەکۆپلەیەکی تردا دەڵێ :

*کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز*
*بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی*
*مەلا و شێخ و میر و پادشامان*
*هەتا مەحشەر دەما ناونیشانی    میران و شارەزا، 1986، 146*

حاجی ئاخ بۆ ئەوە هەڵدەکێشێت کە کورد زمانەکەی خۆی بەرز ڕاناگرێت، پێیوایە ئەگەر کتێب و مێژوو و نووسراوەکان بە زمانی کوردی نووسرابان، ئەوا ناو و ناوبانگی کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵگاکەمان تا ڕۆژی دوایی بە نەمری دەمایەوە.

هەروەها لە دەقێکی تردا بە مەرجی دەگرێت کەوا لاوانی کورد ئاگاداری ڕۆمان و ڕۆژنامە بن کەوا دوو سەرچاوەی ڕۆشنبیرین، ئەوەش نیشانەیەکە بۆ بەرزی پلە و پایەی ڕۆشنبیری حاجی، کەوا لەو قۆناغە مێژووییەدا زانیاری سەبارەت بەو سەرچاوە ڕۆشنبیرییانە هەبووە، وەك دڵسۆزییەك بۆ نەتەوەکەی دەیەوێ پێیان بناسێنێت، هەروەکو دەڵێ :

*زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە*
*چراغی نەظم و مونشی کوژاوە*
*لە دەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە*
*ئەگەرچی مەقصەدە، زانینی باوە*
*ئەمان قەدری بزانن ئەم کتێبە*

*لە دنیا ئێستەکی هەمتای نەماوە* *میران و شارەزا، 1986، 106*

(( لەم شیعرەدا حاجی وەکو هونەوەرێك و شاعیرانە هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی لە بابەت رۆشنبیرییەوە بۆ کورد ڕوون دەکاتەوە. بەلای ئەوەوە ئەو کاتە نووسین دەوری گرنگی دەبێ ئەگەر نووسینی ڕۆمان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە کارێکی ئاسایی بێ لەناو کۆمەڵدا )).(خەزنەدار، 2010، 180– 181) *ئەمەش خاڵێکی ترە لە خاڵەکانی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی لای تاك، کەوا لای حاجی قادری کۆیی بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت.*

جگە لەو نموونە شیعرییانەی سەرەوە، حاجی قادری کۆیی لە شێوەیەکی تردا زمانی کوردی بەرز ڕادەگرێت، کاتێک لە شیعرێکدا وەک هەر موسوڵمانێک بەرامبەر بە قاپی خودا دەوەستێت و دەست دەکات بە وەسفکردنی خودای گەورە، ئەو وەسفە بە زمانی کوردی دادەڕێژێت کە لەمەوپێش هیچ کەس بە زمانی کوردی ئەو کارەی نەکردووە :

*هەر ئەمری تۆ مەدارە بۆ کاروباری عالەم*

*هەرچەندی بێ وەزیر و بێ صەدرو کاروباری*

...

*مەعلوومە بۆچی (حاجی) مەدحت دەکا بە کوردی*

*تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە مەدحی باری* *میران و شارەزا، 1986، 144*

لە سەرەتای ئەو دەقەدا حاجی لە وەسفی خودای خاڵقدا ئەوە دووپاتدەکاتەوە کەوا خودا بە تاك و تەنیا و بێ هیچ وەزیر و یاوەرێک کاروباری تەواوی گەردوون بەڕێوەدەبات، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی کە ڕووی قسەی لە خودا تاك و تەنهایە، لەو وەسفەشدا بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە ئەوەی هۆکاری ستایشکردنەکە بە زمانی کوردی ڕووندەکاتەوە و دەریدەخات کە تەنها مەبەستی لەو کارەیدا ئەوەیە تا کەس نەتوانێت بڵێت بۆ هیچ بە زمانی کوردی ستایشی خودای تاک و تەنها نەکراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی زمانی کوردی چیتر بە کەمتر نەزانرێ لە زمانانی تر.

حاجی قادری کۆیی لە شیعرەکانیدا هەردەم زمانی کوردی بەرز ڕاگرتووە، بۆیە هێرش دەکاتە سەر ئەوانەی زمانی کوردی بە سووک سەیری دەکەن و دەڵێ :

گوتم، ئێستاش لەسەر کەری ماوی

چا بوو مستم نەدا لەنێو چاوی

کوردی ئاخر بڵێ چی یە عەیبی

هەر کەلامی حەقە نی یە عەیبی

لەفزی کوردی بڵاو بوو گرد نەبوو

وا لە مابەینی ئێمەدا تێ چوو میران و شارەزا، 1986،240

واتە زمانی کوردی بە کەمتر نازانێت لە زمانانی تری بێگانە، ناڕازییە بەرامبەر ئەو کەسانەی زمانی کوردی بە کەم سەیر دەکەن، بە گژیاندا دەچێتەوە، چونکە هۆکاری بەرەو پێشنەچوونی زمانەکەمان تەنها بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە خۆمان قەدری زمانی کوردی نازانین، بۆیە وا خەریکە بەرەو لەناوچوون دەچێت. هۆکاری ئەو پێداهەڵدانەی شاعیریش بە سەر زمانی کوردی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (( لە سەردەمی ژیانی حاجیدا نووسینی کوردی نەبوو. بەشی کوردەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی عێراق بە فارسی ئەیاننوسی. ئەوانی تریشیان بە عەرەبی. کتێب دانانیش زۆرتری بە عەرەبی و کەمێکیش بە فارسی بوو ... حاجی وەك ئەم وەزعەی ئەبینی بێئاگاش نەبوو لەوەی کە زوبان چ دەورێ یاری ئەکا لە پێکهاتنی نەتەوەدا ... سڵی نەئەکردەوە لەوە کە تانووتی سەخت بدا لەو جۆرە کەسانە و بە هەموو توانایەکی بە سەریاندا بخوێنێ، گوێت لێ بێ کە ئەڵێ :

ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی

موحەققەق داکی حیزە بابی زانی ))( مەلا کەریم، 2008، 30)

واتە حاجی بە چاوێکی سووک سەیری ئەو کەسانە دەکات کە زمانی دایک و باوکی خۆیان نازانن و پێیوایە ئەو کەسانە وەک کەسێکن، نەک خۆیان بەڵکو دایک و باوکیشیان پەسەندنین، ئەو هەڵوێستە توندەش واتای بەرز سەیرکردنی زمانی کوردی لای حاجی دەگەیەنێت.

### ئەنجام

لەو لێکۆڵینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، دەتوانین گرنگترینیان لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە :

1. فەلسەفەی بوونگەرایی بەربڵاوترین ڕێبازی فەلسەفییە و پەیوەندییەکی قوڵی لەگەڵ داهێنانە ئەدەبییەکاندا هەیە.
2. حاجی قادری کۆیی وەک پێشڕەوێک لە زۆر بواری ڕۆشنگەریدا، کەسێکی وردبین بووە بەرامبەر ژینگەی شار و وڵاتەکەی خۆی و زۆر بە جوانی وێنەی ژینگەی سروشتی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە.
3. حاجی شاعیر هەرچەندە زۆرجار وەک شاعیرێکی ئاسایی لە ناو کۆمەڵگادا دەرکەوتووە، بەڵام لە زۆر هەڵوێستیشدا وەک کەسێک دەرکەوتووە کە زۆر باوەڕی بە خۆی هەبووە، بە دەربڕینی بوونگەراکان (بوونی ڕەسەن) ژیاوە.
4. ئەو شاعیرە ئەوەندە گەل و وڵاتی خۆی خۆشویستووە، بۆیە لە زۆر لە شیعرەکانیدا جۆرێک لە جۆرەکانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی تێدا دەبینرێت کەوا جیای دەکاتەوە لە زۆربەی شاعیری تر.
5. لە شیعرە کوردییەکانی حاجی دا چەند هەڵوێستێک بەرامبەر کەسایەتییە دیارەکانی سەردەمی خۆی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەو هەستەی بەرامبەر ئەو کەسایەتییانە دەریبڕیوە تەنها دڵسۆزی شاعیر دەردەخەن و هەرگیز لە گەورەیی ئەو کەم ناکەنەوە، بۆیە ئەم نموونانەش وەك جۆرێك لە هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی ئەژماردەکرێن.
6. لە چەند دەقێکی شیعری حاجی دا هەست بە جۆرێک لە یاخی بوون دەکرێت، ئەو یاخی بوونەش بە زۆری دژ بەو کەسانەیە کە بەهۆی ئایینەوە قوڵی خەڵکی سادەی ناو کۆمەڵیان بڕیووە، ئەمەش جۆرێکە لە هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی، چونکە حاجی کەسێکی ڕۆشنبیر و هۆشیاری ناو کۆمەڵگا بووە، لەم ڕێگەیەوە هەڵیداوە تاکەکانی کۆمەڵ هۆشیار بکاتەوە و لە خەوی بێئاگایی و دواکەوتوویی بە ئاگایان بکاتەوە.

### سەرچاوەکان


≈ **قورئانی پیرۆز.**

**بە زمانی کوردی :**

**- کتێب :**

1. پوور، هەژیر عەبدوڵڵا، 2008، *فەرهەنگی هەژیر (فارسی – کوردی)، ( وشە و چەمکە فارسی و ئەو وشە عەرەبی و ئینگلیزییانەی کە بوونەتە زاراوە لە زمانی فارسی لەخۆدەگرێت)*، بەرگی دووەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
2. جەلال، ئارام ئەمین، 2008، *سێ وێستگەی فیکری (فەلسەفە، مۆدێرنێتە و کۆمەڵناسی)*، وەرگێڕان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
3. حلمی، رفیق، 1988، *شعر و أدبیاتی کوردی*، چاپخانەی التعلیم العالی، أربیل، ب. 1.
4. حەوێزی، دەریا جەمال حەوێز، 2014، *جیهانبینی شیعری هاوچەرخی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست) لە باشووری کوردستاندا*، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
5. خەزنەدار، دکتۆر مارف ، 2010، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، بەرگی چوارەم، نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم 1851– 1914، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم.
6. دلێر، خالید، 1998، *ستەمکردن لە حاجی قادری کۆیی تاوانە*، چاپخانە و ئۆفسێتی سەفوەت، سلێمانی.
7. ڕەسوڵ، ئەحمەد، 2004، *بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە*، جان پۆڵ سارتەر، وەرگێڕان دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
8. سابیر،(د.) پەرێز، 2006، *ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر*، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
9. ساڵح و ساڵح، ڕەفیق و سدیق، 2007، ئامادەکردن، *ڕۆژنامەی تێگەشتنی ڕاستی 1918- 1919*، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەعێراق، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
10. ستراتێرن، پۆل، 2003، *کیرکەگۆرد ـ سەرەتایەك بۆ ژیان و فەلسەفەکەی*، وەرگێڕانی، ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
11. سەجادی، مامۆستا عەلائەددین، 1391هـ، مێژووی ئەدەبی کوردی، مێژوو، ئەدەب، زانیاری، پیاچوونەوە و لەسەر نووسین و پێشەکی بۆ نووسینی سەعید کەرەمی، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە.
12. سیوەیلی، ڕێبوار، 2006، *نووسین و بەرپرسیاری*، چاپی دووەم بە دەستکارییەوە، چاپ و بڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
13. شارەزا و جەباری، کەریم، جەبار، 1974، ئەسیری، شاعیری شۆڕشگێری دوای حاجی قادری کۆیی یە، کۆکردنەوە و لەسەر نووسین و لێکۆڵینەوەی، هەولێر، چاپخانەی شارەوانی هەولێر.
14. شەریفی، فەرشید، 2007، *فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتیەکان*.
15. طە، عبدالصمد إسلام، 2002، *ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا*،1932- 1943، چ.1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
16. عەبدوڵڵا، (د.) محەمەد ئەمین، 2008، *بوون لە شیعری مەحوی دا (لێکۆڵینەوەیەك لە شیعرەکانی مەحوی لە ڕوانگەی فەلسەفەی بوونگەراییەوە )*، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چ.1، چا. تیشك، سلێمانی.

17. عەلی، سیدۆ داود، 2009، وەرگێڕان، *قوتابخانە فەلسەفییەکان،* میهرداد میهرین، چ. 1، لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چا. گەنج.

18. عەلی، کەمال، 2006 وەرگێڕان، سارتەر، *ڕابەری فەلسەفەی بوونگەرایی،* د. مستەفا غالب، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم.

19. قادر، (د.) خانزاد عەلی، 2012، *زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی،* بڵاوکراوەی ئەکادیمییای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

20. کەمال، (د.) محەمەد، 2007، *هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی Heidegger and the Philosophical Revolt*، چ. 1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007.

21. کەمال، (د.) محەمەد، 2009، *فەلسەفەی هیگڵ،* چ.2، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان، سلێمانی.

22. کەمال، (د.) محمد، 2011، *ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ*، چ3، سلێمانی، چاپخانەی یاد.

23. گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن،2004، *بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا (1970 – 1991)،* دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،

24. لیژنەی ئەدەب لەکۆڕی زانیاری کوردستان2006، *زاراوەی ئەدەبی (کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی )،* چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

25. ماکواری، جۆن، 2007، وەرگێڕان، *فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت)،* وەرگێرانی، ئازاد بەرزنجی،چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

26. محەمەد، سەماح رافع، 2001، ***ڕێبازە هاوچەرخەکانی فەلسەفە،*** وەرگێران و پەراوێز نووسین، تاریق کارێزی، دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆک.

27. محەمەد، مەسعود، 2010، *حاجی قادری کۆیی،* بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

28. مەحموود، شنۆ محەمەد،2007، *ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لەنوێگەری شیعری کوردیدا*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

29. مەلا کەریم، محەمەد، 2008، *دوو بابەت لەبارەی بیرو شیعری حاجی قادری کۆییەوە*، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

30. میراودەلی، کەمال مەمەند،1981، *چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی*، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

31. مەعروف، (د.) کەمال، 2007، *ڕەخنەی نوێی کوردی*، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

32. مەلا کەریم، محمد، 1989، *هەنگاوێکی تر بە ڕێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی،* دەزگای رۆشنبیری و بلآوکردنەوەی کوردی، بەغدا، چاپخانەی دار الحریە.

33. موکریانی، گیو، 1969، *دیوانی حاجی قادری کۆیی،* چاپی سێیەم، هەولێر.

34. میران و مستەفا، سەردار حەمید، کەریم مستەفا،1986، *دیوانی حاجی قادری کۆیی،* پێداچوونەوەی مەسعود محەمەد، لەبڵاوکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان.

**نامەی ئەکادیمی :**

1. حاجی، سەنگەر قادر شێخ محمد،2011، *فەلسەفەی شیعرو شیعری فەلسەفی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا،* بەنموونەی شیعرەکانی ڕەفیق سابیرو کەریم دەشتی، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی، پراکتیکییە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سەلاحەدین.

**گۆڤار :**

1. شەشۆیی، هەمزە، 2011، *جیهانە ئەفسووناویەکی شیعر*، گۆڤاری ئایندە، ژمارە 96 ، ئایار.
2. مەنتک، حەمە، 2011، *ئەنتۆلۆژیای کچ لەدیدی نالییەوە*، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ.2.
3. میراودەلی، عومەر، 2008، وەرگێران، *پرسیارەکانی ڕاستی و بارمتەکانی هزر*، بەشی 2، عەلی حەرب، گ. کاروان، ژمارە 230

**عەرەبی:**

**کتێب:**

1. امام، (د.) امام عبدالفتاح، 1982، ترجمة، *الوجودیة،* تألیف؛ جون ماکوری، مراجعة، د. فواد زکریا، سلسلة عالم المعرفة، سلسلة کتب الثقافیة شهریة یصدرها المجلس الوطنی لثقافة و الفنون و الأدب، الکویت، أکتوبر.

2. التونجی، الدکتور محمد، ١٩٩٩، *المعجم المفصل في الأدب*، اعداد، الجز الأول، الطبعة الثانیة، دار الکتب العلمیة، بیروت، لبنان، ج. 1.

3. جدوع، محمد، 2012، *الوجودیة و الأدب ـ بین خیبة الآمال و إرادة الأجیال،* دار کیوان للطباعة و النشرو التوزیع، دمشق ـ سوریة، ط. 1.

4. الحمدانی، أحمد علی، 2005، الترجمة، المدخل إلی النقد الأدبي، مجموعه من الکتاب الروس، ط.1، المیره، عمان.

5. مصطفی و علی، الدکتور فائق، الدکتور عبد الرضا، 2000، *فی النقد الأدبی الحدیث – منطلقات و تطبیقات*، دار الکتب للطباعه ولنشر جامعه الموصل، الطبعه الثانیه منقحه و مزیده.

**عنوان البحث، (الشعر و الإحساس بالمسئولية في الأشعار حاجى قادر كويي)**

**دريا جمال حويز**
**جامعه كويه، إقليم كردستان، عيراق**

**ملخص**

إن هذا البحث بعنوان (الشعر و الإحساس بالمسئولية في الأشعار حاجى قادر كويي) دراسة نقدية فلسفية، نتحدث من خلالها عن أشعار الشاعر و نحلله على أساس الفلسفة الوجودية، و نحدد نقاط الجوهرية لهذا المذهب الفلسفي في هذه الأشعار.

من الواضح إن الإنسان يعيش في المجتمع، و كل فرد من المجتمع قليلا كان أمر كثيرا يتأثر بالمناظر الطبيعية و يحس بالاخرين في مجتمعه، و كل ذلك ينجذب نظراته، و شاعر إنسان ذو حسن رقيق و مختلف عن الأخرين يؤثر بهذه الموضوعات و يدخله في أشعاره.

حاجى قادرى كويى وهو رائد في المجالات الثقافية العدة، و هو مبدع أيضا من جانب الفلسفة، و يميز بين شعراء العصره من هذه الناحية، و نلاحظ إن شاعرنا تنظر إلى أفراد المجتمع الكردي باخلاص و كل همه أن يرى الأفراد في السعادة و الرخاء، و لهذا يكون أشعاره مادة خامة لبحث مماثلة.

يشمل البحث المحاور و الفصول الاتية : التمهيد، (الوجود و المذهب الوجودي لغة و إصطلاحا. الفصل الاول، (الوجود في العالم و الإحساس بالمسؤلية في أشعار حاجي قادر كويى)، و الفصل الثاني، (الوجود مع الاخر و الإحساس بالمسؤلية في أشعار حاجى قادر كويى). و في الختام نجد أهم النتائج التي حصلنا عليه من خلال البحث و خلاصة البحث باللغتيين العربية الانجليزية و قائمة بالمصادر و المراجع.

**الكلمات المفتاحية :** الشعور بالمسؤلية، فلسفة، شعر، الشعر الكردى، حاج قادر الكردي

**This Research is title (The Poems and the feeling of responsibility in Haji Qadiry Koy's Poems)**

**Darya Jamal Hawez**
Facaulty of Education- Kurdish Depatment-Koya University

**Abstract**

This Research is under the title (The Poems and the feeling of responsibility in Haji Qadiry Koy's Poems). It is a philosophical and Critical research that on the basis of existence philosophy there will be explanations for the some poems of this unique Poet, We point out the main ideas of this philosophy in these Poems.

It is clear that people live within a society, any phenomenon or anyone in this Society attracts the others attention and poets that are more Passionate than the others will be affected by these topics and include them in their poems. As Haji – Qadiry Koye can be counted as the leader in many cultural domains and has his own statistics and inventions in philosophy that makes him to be differenciated from the other Poets from his period.

As we noticed that Haji as, an educated person in Kurdish society at that time, was loyal to people and always tried to see them in a better environment. That is why his Poems can be a good material for such a research.

The research includes these chapters and sections،Preface (a general introduction about the philosophy of existence in universe and its elements). Chapter one (world existence in Hajy's poems).The second chapter is on (existence with the other in Haji's Poems)

After that the most important results of this research and an abstract of this research in both Arabic and English language and the bibliography of the used resources can be seen.

**Keywords:** Responsibility, Philosophy, The Poems, Kurdish poems, Haji Qadiry Koy،Key words